یوسف خەلیل

مێ و..
خواستە خەفەکراوەکانی خوود

# مێ و..
# خواستە خەفەکراوەکانی خوود

کۆمەڵە وتار

کۆمەڵە وتار
یوسف خەلیل
مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خوود



www.dengekan.com

- مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خوود
- کۆمەڵە وتار
- یوسف خەلیل
- چاپی یەکەم - 2009
- (1000) دانە
- تایپپێست و هەڵەبڕ: نووسەر
- هونەرکاری : محەمەد قادر
- چاپخانەی ئازادی
- لە بلاّوکراوەکانی رێکـــخراوی راســـان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان


کۆمەڵە وتار
یوسف خەلیل
مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خوود

# مـــرواری

مرۆ گەرەكییەتی ئایندەی پڕ جووانی و بەختەوەری بە باش بگەڕێ.. واتە بۆ بەدەستهێنانی ئەم هەنگاوانە پێویستە چی بکەین؟ تا نووچ نەدەین.. سبەینێمان بێ شکست نەبینرێ ، بێ سڵەمینەوە ( واتـە بـێ عـەیب ) لـە هـەموو دەرگاكان بدەین و پرسیار و بەردەوام هەوڵدانمان هەبێت تا وەڵام و ئەنجاممان بە دەست بێت ، كە ئەمەش كرا واتە هەنگاوێكی گرنگمان ناوە و بـە كۆمـەڵێ ئـەنجام گەیشـتووین، لێـرەوە ئاینـدە دەبینـرێ و ئەفراندن بۆ خزمەتی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دێتە ئارا ، زۆر شت هەن رۆژانە روو دەدەن و ئێمە فـەرامۆشمان كـردوون ، لێـرەدا هەرچی گۆشەنیگای هەستم دركـی پـێ بردبێـت قسـەم لەسـەر كردووە و هەڵوێستی خۆم نوواندووە، بـۆ نموونـە پەیوەنـدی نێوان ژن و مێرد لە چوارچێوەی خێزاندا لە ئێستا و رابردوودا كە یەكێ لە بنەما سەرەكییەكانی كۆمەڵگا پێك دێنن.. یان ئەو كۆمەڵە گرفت و ناكۆكییانەی لە نێو ژنی كورددا هەن و رۆژانە دەبنـە چـقڵی چـاوو تـا ئەمێسـتاكەش بەزینـدووی ماونەتـەوە كەسێكیش دەركەی لەسەر والأنەكردوون.. هەروەها زۆر شتی دیكە كە بە پێـی ئـەزموون و توانـای بیركردنـەوەی خـۆم خاڵـە ئـــەكتیڤ و نەگەتیڤـــەكانی كێشـــەكانم دیـــاری كـــردووە و چارەسەری گونجاویشم بۆ هەڵهێنجاون ، ئاواتمە پەیپم بە دڵی هەندێ لە تاكەكانی كۆمەڵگەكەم بردبـێ و ئاوێك بووبێتم بۆ دەروونـی بـەتاویان ، كـورد واتـەنی چـەپڵە بەیـەك دەسـت لێنادرێت.. ژن و پیاو ئەو رەگەزە مرۆییەن كە ئێستا و ئایندە هی خۆیانە و پێویستە چییان بوێت تیایدا بچێنن تا ئەنجام بە باش بشكێتەوە.. شانبەشانی یەك گەرەكە هەنگاو بنێن ، هەر ئاوڕدانەوەیەك یا تیژرۆشتن یا خاوبوونەوە یا پێچەوانەی یەك رێبكـەن.. چـینێك دەتـرازێ و ئاینـدەی هـەردوولا دەكەوێتـە مەترسییەوە ! گەرەكە بـێ یـەك هـەنگاو نـەنێن.. بـێ یـەك نـان نەخۆن.. بێ یەك پیاسە نەكەن.. بێ یـەك پێنەكـەنن ، بەمـەش دەكرێـت بڵـێین دونیایـەكی جـووان و بێگـەرد و ئـارام و ئاسوودەمان هێنایە كایە.. كەواتە ئێمە هەیین..!!

# یوسف خەلیل

مێ و خواستە خەفەكراوەكانی خوود

یوسف خەلیل

كۆمەڵە وتار

# مـــێ و
# خواستەخەفەكراوەكانی خوود

زەحمــەت یــاخوود دەگمەنــە.. گــەر زارمــان بێتــە گــۆ و بیدركێنێ.. لێمان مەگرن بەهەڵەدا نەچووین، گەر كەنیشكێ یا مێ رەگەزێ لـە نێـو دەڤـەرێكی چـەند تـوێی و كۆیللـەی چـەند مۆتەكەیەكی زلهێزی فیوداڵ و گەڕەكە شرۆڵێكی گۆی زەمینی



www.dengekan.com

نامۆیی و حەزو خورپە خەفەو خنکێنراودا.. دیوارەکان بپسێنێ و لیبرالأنە دەنگ هەڵبڕێ و ئامێز بۆ حەزی مرۆیی و بەرپەرچی مـارو گشـت سانسـۆرە خۆرسـك و دەسـتکردەکان بداتـەوە، لەوانەیە لە ئێستادا سەمەرە بێ..

بێگومان ئێمەی کوردزمان ئەوە دەزانین کە بـەچ قۆنـاغێکی سادەو ساکارو ململانێی بەردەوام لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکاندا.. کەبوونەتە هەمیشە بۆ رێگامان.. رێمان کردووە، کاردانـەوەی ئەمانـەش وای لەهـەموو خـەڵکی کـردووە بـەدووربن لـەزانین و هەمیشـە بـەدووی کـارو پەیـداکردنی نـان و بەگژداچوونەوەی دوژمن دا رابکات، ئایا ئەگەر مرۆڤێك بەنێو ئەم دەردەسەرییە زنجیرەییانەدا رێبکات دەبێ چی بەرهەم بهێنێ؟ لەوانەیە بگەینە ئـەو ئەنجامـەی دەگمـەنن ئەوانـەی بـەنێو ئـەو ئەزموونـەدا تێپـەڕیوون و درێـژەیان بەمەلـەی ژیـان داوە.. لـەنێو دەریـای بێپایانی زەمەنی قوڕو لیتەدا لوتکەیان لەئامێز ناوە.

ئـەو پەپوولانــەی دەتــوانن سـیمای جـوانی بــەهرەیان.. ببەخشنە شەوبۆکانی کەنار دەریا و خەندەی لێوەکانیان بکەنە قردێلـەی مانگەشـەو و سـەمای هەلاڵـەییان ببەخشـنە مرۆڤـە ماندووەکانی خاك.





لەم نێوەدا (مێ یاخوود ژن) بەشێوەیەکی سەرەکی بووەتە کۆچـی قوربـانی ئـەم زنجـیرە کێشـانە.. چـونکە لـە نێـو بـار و دۆخێکـی وا سـەختدا پیـاوان بـۆ بەرپـەرچ دانـەوەی سروشـت هەمیشە لە ململانێی بەردەوامدا بوون بۆ دابین کردنی بژێوی و پەیـداکردنی نـان.. لـە پێنـاو بەدەسـت هێنـانی هەیبەتـدا.. بەزمانێکی دیکە بۆ بەرجەستەکردنی دەسـەڵات، کـە لەرێیـەوە دەست بەسەر هەموو شتەکاندا بگرێت ! ئێدی بەهۆی منـاڵ و شـیردانەوە کـە ژن هـەموو کـات پێـوەی پەیوەسـت کـراوە.. لـە ماڵەوە خزێنراوە و کارە ناوخۆییەکانی لە چوارچێوەی دیواردا ئەنجام داوە و خۆزگوکانی تیا خنکێنراوە! بۆیە لە هیچ کاتێکدا پیاو نەوەستاون یا چاوەڕوانی رای ژنیان نەکردووە.. هەمیشە بڕیار و جێبەجێکردن لە دەستیاندا بووە.. ئێدی بۆ مەبەستی هاوسەرێتی بووبێ یا بۆ کوژاندنەوەی شـەڕ و ئـاژاوە بـووبێ، ئێدی ژن لێرەوە رووبەڕووی چەندین گرفت بووەتەوە ، چونکە نەدیوو نەناسراو دراوون بە شوو ! ئێدی بە پیاوێکی بە تەمەن بـووبێ یـا کراوەتـە قوربـانی خوێنێـك.. لـە نێـو دوو دوژمنـی یەکدیدا ! لەمەدا بۆمان بەرجەستە دەبێت کە بەچ سیمایەك لە کەسییەتی ژن بینراوە ؟ ئەمەش پرسیارێکە کە لـە ئێستاشـدا

زۆر لـە ژنـان هـەن گـەواهی راسـتی قسـەکانن دەتـوانن وەلاّم بدەنەوە..

ئەمڕۆش زۆربەی شتەکان پۆشاکێکی تریان کردووە بە بەری خۆیاندا ، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگادا چەندین فەنتازیای نویّ هێنراوەتـە کایـە ، راسـتە لـەم زەمەنـەی ئێسـتادا ژن تـا رادەیەك توانیویەتی بەدووای زانیندا وێڵ بێت .. تا لێیەوە درك بە کێشـەکانی خـۆی ببـا و بـیّ هاوکـاری بەرامبـەر بـە دووای چارەدا بگەڕیّ!

زۆربەی کچان و ژنان لە دەرەوەی ماڵن واتە بە دووای بژێوی و بـە دەسـتهێنانی کەسـایەتیاندا وێڵــن.. بـە پێچـەوانەی رابردووەوە ! پێویستە ئێدی بڵێن: هـەموو گـەردوونی زلهێـز دژایەتیم بکەن .. من دەستبەرداری نـاخی خورپـەکانی مـرۆیم نابم و پاڵپشت بە هاوڕێکانم لە پێنـاو هێنانـە دی ئاسـوودە و بەدیهێنانی حەز و ئارەزووە لە دەست چووەکانمدا.. هەرچی بمەویّ لە پێناو بە دەستهێنانەوەی پێی هەڵدەستم !!

زۆرجـار دیومانـە لـە ڕێـی پەیوەندییـە سـۆزدارییەکانەوە دووکـەس بڕیـاری ژییـانی هاوبەشـییان داوە.. لـە کۆشـکی هەنگوینیـدا دڵـی شـەیدایان گەیاندۆتـە یەکـدی.. کـە ئەمـەش جێگەی دڵخۆشییە، وە شێوازی راستەوخۆ داواکردنیشمان هەر





بەدی کردووە، کە ئەمانەش ئەوە دەسـەلمێنن کـە تـا رادەیـەك توانیویانە ببنـەوە خـاوەن بڕیـار !! لـە پێنـاو بـە دەسـتهێنانی کەسـایەتی و ژیـانی تایبـەتی خۆیانـدا ،راسـتە زۆر تـەنگ و چـەڵەمە کۆتـایی هـاتووە.. بـەلاّم هـەر خۆیـان زۆر تـەنگ و چەڵەمەی دییان هێناوەتە ئاراوە.. وەك داواکردنی فەنتازییا لە رووی (ماڵ و زێڕ و سامانەوە) کە لەم رۆژەدا زۆربەی کوڕان ئەم داخوازییانەیان بۆ دابین ناکرێت ! سـەرەڕای نـەبوونی کـار و شوێنی نیشتەجێبوون ،هەرچەن بەمانە ژن بەهەڵەدا دەچێت و خـۆی هاوسـەنگی کـەل و پـەل دەکاتـەوە و دەیـەوێت دووبـارە بچێتەوە ژێـر رکێفـی پیـاو و دووبـارە ئـازادی خـۆی لەدەست دەداتەوە ! ناچار هـەردوولا پەرتـەوازە دەبنـەوە و ئـەم لـە ژێـر چـەتری چـاوەڕوانیدا سـەردەنێتەوە و ئـەویش لـە پێنــاو بـەدیهێنانی خەونـەکانی بـیر لـە هـەلاّتن لـە دونیـای واقیـع دەکاتەوە، لە ئێستادا ئەم کێشەیە ڕووبەڕووی زۆربەی گەنجان بووەتەوە.. لەم پێناوەدا زۆربەیان خۆیان لە دەستداوە و بەهەر شێوازێك بێت ڕووبەڕووی لادان لە بنەماکانی ژییان بوونەتەوە، کە ئەمەش کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە لـە ئاینـدە و دووا رۆژی نەتەوەدا.. لە ئاکامیشدا پەشیمانی دەردەبڕن و کاڵەك بە

ئـەژنۆ دەشـکێنن و دەڵـێن : چـرۆ بـووین.. قسـەڵۆك هەمیشـە گێژەڵۆکە بوون قەد لەبن نەدەهاتن.. بەرگەی باڕێژەیمان نەگرد !

پێم وایە مـرۆڤ وەك پەپوولـە بێگـەردە کـە چاو هەڵدێنێ..

حەزدەکا بۆنی سـەرجەم وەنەوشـەکان بکا بۆ ئـەوەی درك بـە شـتەکان ببـاو سروشـت رەنگـین کـاو بـۆ دونیـا و گـەردوون بسەلمێنێ و بخنێتەوە! دەبا چیتر کۆیللەی دڕك و کینە و کاڵا و بەرزی نەبین .. هاوڕێیان دەبا هەموو ئازادانە هەناسە بدەیین و مرۆڤانە بژیین و دڵخۆش بین بەوەی کە هەیین..

#######

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خود

کۆمەڵە وتار

یوسف خەلیل

# بەرجەستەبوونی بەرانبەر

# لای خـــوودە تامـــەزرۆکـان ..

بونەوەر بە گشتی و مرۆڤ بە تایبەتی ..گەر گەشتە قۆناغی بەر پرسیارێتی و هەست کردن بە بوونی خۆی ،حەز دەکات پەراوەی خەونەکانی خۆی بکات و لێیەوە دونییایەك خەیاڵ لە فەنتازیادا بەرجەستە بکات ،ئێدی ژن بە شێوازێ پەراوەی حەرامەکان دەکات و پیاو بە رووخسارێکی دیکە،لەبەر ئەوەی هەریەکەیان خاوەن خودێکی ئازاد و سەربەخۆن ،کاتێك مرۆڤ بوونیش بەرجەستە دەبێت کە خاوەنی رەگەزی خۆت بیت ! واتە ژن وەك ژن هەڵوێست و کار و کردەوەکانی خۆی رێك بخات و خەون و خولیاکانی پەیرەو بکات ،هەنگاو بۆ ئایندەیەکی گەش بنێت و پیاویش هەمان شێوە..

چیتێدایە پیاو رووخسارێکی بێگەرد و وزە و هۆشی خۆی نمایشی بەرامبەری بکات ،یا ژن بە زمانێکی پاراو و هەستێکی ناسك و جەستەی بە لەنجە و لاری کە شوناسە بۆ ژنێتی .. شانازی پێوە بکات و بە ئارەزووی خەونەکانی پەراوەی حەزەکانی بکات ..



تەوەری قسەکردنم لەسەر بە حەز بوونی رەگەزی بەرانبەر کە پێچەوانەی ئاراستە بوونی سروشتی مرۆڤبوونە !! زۆرێك لە مرۆڤ لە هەردوو رەگەزدا ئەم کردەیەیان لا دەخولقێت ،بۆ نمونە ژنێك حەز دەکات پیاو بووایە! یا پیاوێك حەزی دەکرد ژن بووایە، کێشەکە لەوەدایە هەر لەچوارچێوەی حەزدا نەماوەتەوە بەڵکو بە کارو کردەوە پەراوەی دەکەن، زۆرێك لە ژنان جل و بەرگی پیاوان دەپۆشن یا هەڵدەستن بەکارو کردەوەکانیان.. وێرای شانازیکردن بەو رووخسارە ئاڵەو جەستە بێگەردەیان کە پیاوان هەمیشە خەونی پێوە دەبینن، یا پیاوان هەڵدەستن بەئارایشت کردن و پۆشینی هەندێ جل و بەرگی ژنان یا تامەزرۆبوون بە بەستنی (ستییان) تا نمایشی سنگ و مەمکی ژن بکەن.. وێرای رێکی جەستە و ستاتیکای شوناسی پیاو بوون.

ئەم کردەیە لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟ پێموایە لە کەپتکردنی خەون و پیادەنەکردنی حەزە خەفەکراوەکاندا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمەش لە کۆمەڵگای داخراوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئازادی و کار و بارە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵك بووتە موڵکی دەسەلات، هەموو شتێك لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی لەچوارچێوەی مەرامەکانیدا دەکاتە قوربان ، دین و پێشینەکان

لـەم کۆمــەڵگا نەخۆشـانەدا بـە رووخسـارێکی نـویێ پـەراوە دەکرێنەوە.

منـی پیـاو کـە نیـوەی تەمـەنم بـەرێکردووە.. تـام و بـۆی جەستەی ژنم نەکردووە ! ئێدی چۆن خەون و خولیام نابێتە ژن و پـەراوەی کردەکانیـان ناکەمـەوە و لـەژوورە تایبەتییەکـەی خۆمدا دەست بە ستیان و جل و بەرگە ناسکەکانیاندا ناهێنم؟ یـا منـی ژن زۆرجـار هـەموو تەمـەنم کردۆتـە قوربـانی قسـەو قسەڵۆکی خەڵك و پرچی سپیم هۆنیوەتەوە.. چۆن تامەزرۆنابم بۆ سنگی توکاوی و هەست و نەستەکانی پیاوبوون و خەون بە کردەکانیانەوە نابینم و پەراوەی ناکەم لەگەڵ خۆمدا و ئاڵۆشیـی سەرتاپای جەستەم داگیر ناکات ؟!

ئەگەر بە دوواداچوونی زۆرتریشمان هەبێت ئەم جۆرە کەپت کردنانە دەبنە هەوێنی سەرجەم کێشەکان و لێیـەوە چەندیین تاوانکاری دێتە ئارا و دوواکەوتوییشمان کێشەکەی هێنـدەی دیکـە گـران کـردووە و بەندیخانـەکانیش باشـترین نمونـەی بۆچوونەکانمن ،ئەم نیگایەشە وا لە ئایندەی تاکەکان دەکات نەتوانن خەون بە خۆشەویستییەوە ببینن و رەشبین بن بەرانبەر بە ئاینده و متمانە و بڕوانەکردن بـە یەکـدی ، بـەم شـێوازەش رێکـردن سـبەینیێ لـە تارمـایی بـەولاوە هیچـی دیکـە بەرهـەم





نـاهێنیێ.. هەرچـی گەرەکـە دەبێـت بکرێـت بـۆ رووخانـدنی دیوارەکـان و هەرەسـی سـەرلەبەری سانسـۆرەکان ! ئەمەشـە دەبێتە هۆکاری چاوهەڵهێنانی ژینێکی بیێ گریێ و ئارامییەکی پڕ لە ئاسودەیی و دونیایەکی پڕ لە خەون.

##########

# ژنخوازی و ڕەدووکەوتن ..
# لە کەلەپووری کوردی دا

یەکێك لەخاسیەتە سەرەکییەکانی هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەك.. ژیانی هاوسەری و پێکەوە ژییان و دروستکردنی خێزانە ،ئێدی لەلای هەر تیرەو تایەفەی ناوچەیەك شێوازو دەستووری تایبەت بەخۆیان هەیە.. کەدەبێتە سیمای سەرەکی کەسییەتی ئەو رەگەزە مرۆییە.

نەتەوەی کوردیش هەر لەدێر زەمانەوە شێوازو تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی هەیە، بۆیە بابەتەکەشمان تیشکە نیگایەکی هەگبە ئامێزە سەبارەت بەرەمزێکی نەمرو گەشەدار بەمرۆی ئەمرۆی سەدەی (عەولەمە) کە لەزۆر نەتەوەی ژێر دەستەدا فەوتاوە و بووەتە خەزان بۆ نەوەی نوێیان، بەڵام لەم مەنزڵگای کوردەوارییە.. نەوە دووای نەوە شێوازەکان جوانترو ڕەنگین ترو بە نرختر بینراوە، بۆ پاسادان کردنی بابەتەکەشمان لەم زەمەنی تەکنەلۆژییا و عەولەمەو ئەنتەرنێتەدا.. پۆشاکی کوردەواری سیمای ئاڵی کچ و کوڕانی لێرەو لەوێ بەشێوەیەکی گشتی ڕازاندۆتەوە، ئەمەش پاراستنی نرخی کەلتوورە لەلای نەوەکانی ئەم گەلە ستەمدیدەیە، بابەتەکەشمان بەم دوو ڕێڕەوەدا دەبەیین بەو مەبەستەی بتوانین بەنرختری بکەین:

- ***ژن خوازی لەئامێزی سادەیی و هێنانەکایەی ئاسودەییدا :***

بەپیتی خاکی گەلی کورد هۆکاری پاڵپێوە نانی داگیرکەران بووە ،سەر باری ئەوەی لاوانی ئەم گەلە هەمیشە لەبەر پەرچیدابوون .. سەرباری ئەو دەردەسەری و نەهامەتییانەی بەسەریدا تێپەڕیوە.. هەمیشە توانیوویەتی کەشێکی ئاسوودە و ئارام بۆخۆی بخوڵقێنێ ،سروشتە جوانەکەشی هەوێن بوون بۆ هێنانەکایەی ئاواز و بەیت و حەیران و سەمای ئاڵی کیژە شوان و چاوەنۆڕی کوڕەلاو لە ژێر ساباتی ژوواندا..(شارنشین و گوندنشین ) لە یەك شێواز و کەلتووریدا دەژیین ,هەرچەند لەلای شارنشین بەر بلاۆتر دەبینرێ,بەلاٚم ژییان لەلای گوندنشین قورس و گران و سادە و ئاسوودەن, هەر لە زەوی کێلاٚن و چاندن و بژارکردن و دروێنەکردن و ئاژەڵ بەخێوکردن و شوان کارەیی و کۆکردنەوەی بەر و بوومی هاوینە تا دووایی ،مانای وایە هەمیشە کیژان و لاوان بە دووای بژێوی ڕۆژانەیاندا وێڵن

،سەرباری ئەم ماندوبوونە هەمیشەییە ئەرکی ڕۆژانەیان دەکەنە هەوێنی ژووان و سەما و هەڵپەڕکێ و چڕینی بەستە.. لە نێو کێڵگە و لە ژێر ساباتی مێو و لەسەر کانی بەرماڵاندا..وەك بینیومانە زۆر لە شوانەکانمان دەنگیان خۆشە و ئاشنان بەلێدانی (جوزەلە) یان زۆرجار هەستمان پێکردووە .. شۆخەکچان لە نێو ئاپۆرەی دروێنەدا ..گۆرانی دەچڕن ,سەرباری ئەم ماندوو بوونە هەمیشە زەردەخەنە بەسەر لێویانەوە دیارە و ئاسودەن ...کیژان و کوڕان ئازادن لە هەڵسوکەوتیاندا ،ئەمەش وایکردووە هەموو ئەو شوێنانەی تێیدا ماندوو دەبن بیکەنە بەزم و قاقا و ڕەشبەڵەك وخەندە گۆڕینەوە ,ئەمەش هۆکاری پێکەوە ژیانیانە، زۆرجاریش ڕوویداوە کە چەند کوڕە لاوێك بووەتە شەڕییان لەسەر (حەلاو) ناوێك ،پاشان ئازایەتی خۆیان نواندووە لەپێناو ئەوەی دڵەی کیژە هەر کەسە بۆ خۆی ڕاکێشێ...ئەم تابلۆیە هۆکاری هێنانەکایەی بنەماکانی دروست بوونی ژن و ژنخوازین لە کوردەوارییدا،کوڕەلاو شەیدای شۆخە کچ بووە .. ئارامی لێ هەڵگیراوە و بە ژووان تێر ناخواو ناچار زۆری بۆ دێ و بە هەمینی داکی دەڵێ/ ئەویش لە وەلامدا بەلێنی دەداتێ بە لالۆی بابی بڵێ کە لە دەشت گەڕایەوە,پاشان هەمین بە لالۆی

دەڵێ / پیاوەکە کوڕەکەمان پیاوە و ژنی دەوێ ,منیش فلانە کەنیشکم بۆ دیاری کردووە.. تۆ دەڵێی چی لالۆ ؟ دەڵێم چی هەمین .. لەوە باشتر دەبێ .. وەڵلاّ هەر لە سبەینێوە دەست بەکار دەبین بۆی ..پاشان پیاوان کۆدەبنەوە و دەچنە داوای کچ , لەلایەکی تریشەوە کوڕە و کیژە مژدە یان بەیەك داوە .. زەردە لەسەر لێویانە ,ئێدی ژنان دەکەونە خۆ بۆ داپین کردنی جل و بەرگ و ئامادە کردنی هەمە چەشنەی خواردەمەنی و سازدانی ئاهەنگ ..پاشان کچ لە کوڕە مارە دەکەن و کوڕە دەستی مامی ماچ دەکا و بەمەش بەڵێن دەدا کە دڵسۆزی کچ و ئەو ماڵە بێ کەخزمایەتیان لەگەڵدا دەکات,ئێدی شایی و بەزم دەست پێ دەکات و ڕەش بەڵەك دێتە کایە ،بوکێش بەپەچەی سوور و زەرد خۆی ڕازاندۆتەوە و ژنان دەست و قاچی بوکێیان لە خەنە گرتووە ،ئێدی کۆدەبنەوە و بوکێ بەرەو ماڵی تازەی بەڕێ دەکەن ،ماڵی زاواش دیوەخانیان ڕازاندۆتەوە.. خواردنی پلاّو و گۆشتی مەڕ و ماستاو و چا ئامادەکراوە بۆ میوانەکان ،لاوان هەڵپەڕکێ گەرم دەکەن .. لە هاویندا ژێر کەپرەکان ئامادە دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە , گۆرانی بێژەکانیش بەشمشاڵ و دەهۆڵ لێدان .. شاییەکە گەرمتر و بە جۆشتر دەکەن و لە لایەن میوانەکانیشەوە شاباش دەکرێن.. تا

شاباشیش بەردەوام بێ .. شایی بەردەوام و بە جۆشتر دەبێ، زاواش لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە سەربان چاوەڕوانە و بەدار دەستێك یاری بە خوڵەکەی بەردەمی دەکات ، خۆیان رازاندۆتەوە و پۆشاکی رانك و چۆغە و مرادخانی و کڵاوی رەنگاو رەنگیان لەسەر ناوە ، ژنانیش هەموو کراس و کەواو سوخمە و چاکەتییان لەبەر کردبوو .. وێڕای ئەوە رووخساریان بە خشڵ و خەنە و دەستەواژەی جوان نەخشاند بوو ، زاواش بەهاتنی بووکێ هەڵدەستێتە سەرپێ .. بووکێش بە سواری ئەسپێك لەگەڵ کوڕە لاوێکدا کە دەم و چاوی دیار نییە لەبەر گەورەیی مشکییەکەی ، نزیك دەبنەوە لە ماڵی زاوا .. دار دەستەکەی دەسوڕێنێ زاوا و تا بۆی بکرێت هەڵی دەدات و سەری بووکێ دەپێکێ.. بەمەش بووکێ لە هەموو دەردە سەرییەك بە دوور دەبێ ، بووکێش لەبەر زۆری بەرگەکانی و پێکانی سەری .. دەبێت دوو کەس بچێتە ژێر باڵی ، پاشان ژنان لەبەردەم بووکێدا کەڵەشێرێك سەر دەبڕن یان هەڵیدەدەن بەسەری بووکێدا ..بەمەش ئەو ماڵە لە هەموو کێشەیەك بە دوور دەبێ.

لەگەڵ بووکێدا (سندوقی بووراق) وەك جیاوازی لەگەڵیدا هێنرابوو کە پێشەکەی شووشە بوو بە وێنەی گوڵ و میوە و





گیانلەبەری باڵدار رازێنرابۆوە.. ماڵی نوێی بووکێ لەبەر میوان و منداڵ بەرنەدەکەوت ، لە ژێر ئەو دۆشەکەی کە بۆ بووکێ راخرابوو ( پارویەك هەنگوین ) دانرابوو بەمەبەستی شیرین بوونی بووکێ وەك هەنگوین، پاشان دایکی زاوا دێت پەچەکە لەسەر بووکێ لادەبا و ناوچەوانی ماچ دەکات ، ئینجا ژنان دەست دەکەن بە گۆرانی و چەپڵە لێدان و بەزمی خۆیان ، بوکێخانیش چاوی بە کل رەش کردووە و دەست و قاچی لە خەنە گرتووە و لێوەکانی سوور کردوون ، لە بەری دەستیدا وێنەی مانگ و ئەستێرە نەخشێنراوە ، ئێدی یەکە یەکە لە میوانەکان پیرۆزبایی لە بووکێ و کەس و کار دەکەن و ماڵەکە چۆڵ دەکەن و بە پاڵ زاوا بە قاقاوە دەکەن بە ژوور دا..پاشان ( بەربووك ) کە پووری زاوایە یا کەسێکی تری شییاوە .. لەبەردەم ژووری بووك و زاوا دا جێگەی خۆی دادەخات و لێی دەنوێ .. تا بووك و زاوا بە سەلامەتی دەبنە ژن و مێرد و پاشان پەڕۆی روو سووری بەرێتەوە بۆ باوك و دایکی بووکێ ، ئەگەریش خوانەکردە بووکێ خوێنی نەبوو ! ئەوە ئاکامێکی ناخۆش چاوەڕوانی دەکا ، بەم شێوەیە لە کەلتووری کوردەواریدا خێزان پێکدەهێنرێ ..کە بنەمای

هێنانــە کایــەی ژینێکــی ئاســوودە و ئــارام و خــۆش گوزەرانییە..

- ***ڕەدووکەوتن و هۆکارەکانی دروستبوونی:***

هەموو ڕووداوو دیاردەیەکی دزێو کە ڕوودەدات لە نێو کۆمەڵگادا.. بمانەوێ و نەمانەوێ هۆکارەکانی لە ژێر سەری خەڵکەکەیدایە ! کێشە لێرەدا نییە کە دان بە هەڵەدا بنرێ.. بەڵکو کێشە لەوەدایە دانی پێدا نانێین، ئەم کەللە ڕەقییەش سروشتی خاك كە بەزنجیرە چییا دەورە دراوە و بەردەوامی شەڕ و بەرەنگار بوونەوەی هەمیشەیی و نەبوونی کاتێکی ئاسایی بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە خۆدا بێنـەوە و ساتێك بۆ خۆیـان بنیـات بنـێن کـە تیایـدا بتـوانن فێـر ببن، سـەرباری ئەوەی دەسەلأتداری نێو خەڵك کە لە (ئاغا و دەرەبەگ) دا خۆی دەبینێتەوە.. زیاتر بوونە هۆی ناڕەحەتی بۆ خەڵك ، ڕۆژ تا ئێوارە کاری دەکرد ئەم سێ بەشی بۆ خـۆی دەبـرد هەر بە زۆرداری ! ئەمەش ببووە هۆی نەمانی دەرگایەك بۆ فێر بوون و بیرکردنەوە ، بۆیە خەڵکی ئەم خاکە لە ژێر باری نــەزانی و دووا کەوتوویــدا دەیــان ناڵأنــد ! ڕۆژانــە بــە کردەکانیانـەوە دەدرەوشـایەوە و هێنـدەی دیکـە کێشـە و دەردەسەری نوێ سەری هەڵدەدا و چەندین کەس دەبوونە



کۆچـی قوربـانی هەڵـە دزێوەکـان .. یـەکێ لـەو کـردە ناپەسەندانەشی (ڕەدووکەوتنە–بە پێی بیرکردنـەوەی ئـەو کاتە ) واتە بێ خواستی هیچ لایەك كچ لەگەڵ کوڕدا بڕوات یان بە پێچەوانەوە بۆ شوێنێکی نادیار ! پاشان گـەڕان بـە دوویدا و لە ئەنجامدا یـان هـەردووکیان دەکـوژران یـان بـە قوربـانی دانــی داماوێـك کێشـەکە کۆتـایی پێـدەهات .. هۆکارەکانی ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ؟

- هەڵنەبژاردنی دڵخواز بە ئارەزووی دڵ.
- بێ پرس مارە بڕین.
- مارە بڕین بە مەلۆتکەیی.
- گەورە بە بچوك یان ژن بە ژن.
- کوژاندنەوەی شەڕ بە کچ.
- شیربایی و چینایەتی.
- کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە و هەڵە بیرکردنەوە.

کوڕ و کچ کە گەورە دەبن دەبنە خاوەنی کەسایەتی پـڕ ناخی خۆیان ،بەلأم باوك ئەو شتانە ناچێت بەگۆییدا واتە وەك منالّی ساوا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات ،واتـە ئـەم چـی پێباش و پێ خۆش بێ دەبێ ئەوە بهێنرێتە دی.. ئێدی بیر لەوە ناکاتەوە ئەم کچە بۆ خۆی شوو دەکات ..بۆ ئایندەی

خۆی بەدەستی خۆی دیاری نەکات ؟ یان ئەم کوڕە بۆ خۆی ژن دێنێت .. بۆ بەئارەزووی خۆی دەستنیشان نەکات ؟ باوك حەز دەکات فلأنە کچ بۆحەسەنی کوڕی بخوازێت.. ئەگەر بە شەڕیش بێت دەیخوازێت لە کاتێکدا نە کچە پێی خۆشە نە کوڕە ! ئەی دەبێ چ ژیانێك چاوەڕوانی ئەم دووانە بکات !؟ یان کچە لەسەر بێشکە مارەی کردووە لە کوڕی فلأن کەس .. چییە دۆڕاندوییەتی لە زۆران بازی قسەی بەر ئاگردانی شەوانی زستاندا !؟ یان دوو دێ شەڕییان دەبێت لەسەر زەوی و زار .. پیاوان کۆدەبنەوە لە پێناو ئاشتبوونەوەی هەردوولا و نەمانی شەڕ لە نێوانیاندا .. بە قوربانیدان کە لایەنی تاوانبار کچێ یان دووان دەدات بێ پرس کردن ! ئێدی بیر لەوە ناکاتەوە بە چ شێوەیەك سەیری ئەو کچانە دەکرێت کە لە ئەنجامی شەڕێکی خوێناویدا دراون !! لە لایەکی ترەوە کوڕە ژن دێنێت باوکی کچەش داوای شیربایی دەکات .. ماڵی زاوا دەست کورتن ناچار کچێکیان دەدەنێ بێ خواستی کچە !؟ ئەی چارەنووسی ئەم کچە دەبێ چ ئایندەیە چاوەڕوانی بکات ؟

ئەمێستا لە سایەی زانین و زانیاریدا بە شێوەیەکی گشتی ئەم کەم و کوڕییانە بەرەو نەمان رۆشتوون ، راستە کەلتووری کوردیمان چەندین سیمای جوانی تێدایە .. بەڵام چەندین کردەی ناشرینیشی تێدا دەبینرێت ! ئێدی ئاواتە خوازین سیمایەکی جووانی کەلتووری نەتەوەکەمان پیشان دابن بە مەبەستی فەوتاندنی کەم و کوڕییەکان و جوانترکردنی کەلتوورە میللیە رەسەنەکانمان ..بەو ئاواتەی هەنگاوێکمان نابێت ..

سەرچاوە:

- کچانی کورد / هێنی هەرۆڵد هەنسن..
- گۆڤاری کەلەپووری کورد ژمارە (12) ..

########

## خـەسـوو ..

ڕەگەزی مێ کاتێ خێزان پێك دێنێ و دەبێتە خاوەن منداڵ و پەروەردەکرنی دەکەوێتە ئەستۆ.. وشەی دایکی لێدەنرێ ، هێندە پیرۆز دەبێ هەموو مرۆڤایەتی بۆ گەورەیی بە چۆکا دێ ! چونکە ئەو سۆزەی دایك بە کۆرپەی دەبەخشێ لە پێناو گەشەکردنیدا.. قۆناغ لە دووای قۆناغ کە پێیدا تێپەڕ دەبێت لە توانای هیچ کەسێکدا نییە ، زۆرجار بیستوومانە دایك جل و بەرگی خۆی لە پێناو تێر کردنی منداڵدا فرۆشتووە ! ئەمانەشن ئەو بەخشندەییەیان پێبەخشیووە.. بەلاّم ئەوەی جێی سەرسوڕمانە کاتێ کوڕ و کچەکانی گەورە دەبن خێزان پێکدێنن ئەم دەبێتە خەسوو بۆ بووکی کوڕەکەی و زاوای کچەکەی ! ئەم وشەیەش هێندە ناشرین کراوە هەر کە ناوی دەهێنرێ خۆشەویستی مات و مەلوول دەبێ و دەبێتە بنێشتە خۆشەی دەمی خەڵکی لە لایەك و دەبێتە پشت و پەنا بۆ زاوای کچ و موو بە بەینیاندا ناچێ !! کە لێشی دەپرسن.. دەڵێ لە پێناو کچەکەمدایە ! لە لایەکی دیکەشەوە دەبێتە دوژمنی سەر سەختی بووکی کوڕەکەی !؟ ئەمە دەبێت هۆکاری چیبێت ؟ کۆمەڵگای ڕۆژهەلاّت لەبەر باری گرانیدا دەناڵێنێ و ئابووریان لاوازە ! بۆیە کاتێ کوڕ خێزان پێکدێنێ هەموو ئەرکەکانی دەکەوێتە ئەستۆ.. بۆیە توانای خانووی نیشتەجێی نابێ پێکی بهێنێ.. بۆیە ناچار لە نێو خانووی ماڵە باوانیدا خۆی کڕ دەکات و ناچارە هەموو شتێ قبووڵ بکات ، بووکێش کە خێزان

پێکدێنێ بێگومان دڵی بە ژییان خۆشە و دەیەوێ چێژ لەو ژییانە نوێیەی وەرگرێ و ئازادانە خەونەکانی بهێنێتە دی.. بۆیە هەوڵی خۆ بنیاتنان دەدا لە کوێش لە ماڵی خەسوویدا.

سروشتی پیاوانی ئێمە پاش ئەرکی رۆژانەی خۆیان .. زۆربەی کات لە دەرەوەی ماڵن ، ژنانیش پاش ئەرکی دەرەوەیان دەگەڕێنەوە ماڵ .. واتە زۆربەی کاتەکانی لەرێکخستنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵدا بەسەر دەبات .. واتە هەمیشە ڕووبەڕووی خەسوو دەبێتەوە.. ئەمیش واتە (خەسوو) کە زۆرینەی تەمەنی لەو ماڵەدا بەسەر بردووە و بە بۆچوونی خۆی ئێستا شەریکە بەشێ هاتووە و دەیەوێ نیوەی لێ داگیر بکات ! ئەو خۆی کوڕی بەخێو کرووە و گەیاندویەتیە ئێستا .. چۆن قبولێ دەکا .. بووکێ منداڵە خۆشەویستەکەی لێ زەوت بکات ؟ ئەم دژە بۆچوونانەن تا بێ شەڕی نێوانیان خەست دەکاتەوە .. ئەم خۆی بەخاوەن ماڵ دەزانێ و ئەویش هەمان شێوە .. واتە گەر لێیانەوە نزیك بیت بەردەوام گوێت لەپرتە و بۆڵەکانیان دەبێت کە ڕووبەڕووی یەکدی دەکەنەوە ! ناشکوری نەبێ ئاستی هۆشیاریش هێندە لاوازە ناتوانن زمانی لێکگەیشتن و لێکبوردن بهێننە ئارا ! لێرەدا دەمێنێتەوە سەر کوڕەکە واتە (زاوا) ئەگەر زیرەك بێ دەتوانێ هۆشیاری خۆی بخاتە کار و نەهێڵێ نەشیش بسوتێ و نە کەباب و مافی هیچ لایەکیان نەخوا و ئاشتی بەر قەرار بێ , بەڵام گەر بێتوو بەپێچەوانەوە بێ.. ئەوا بەردەوام دەنگە دەنگ و هەرا دەبیستریێ و ئاژاوە رۆژ لە دووای رۆژ پەرە دەسێنێ و وشەی خەسوو لە بەرامبەر بووکێدا قێزەونتر دەبینرێ ,ئەم شەڕەش ئاکامی بە باش ناشکێتەوە!

#########

باوك كاتێ منداڵەكانی پاش ئەوەی قۆناغی منداڵی و هەرزەیی و باڵق بوون دەبڕن.. خۆزگە و ئاواتەكانی ئەوەن خۆی وتەنی (ملیان بكات بە پەتەوە) ئەم دەستەواژەیە لە (سێدارەدان) دەگرێتەوە، تۆ بڵەی باوان خۆزگەكانیان لە سێدارەدانی نەوەكانیان بێ؟ لەلایەكی دیكەوە هەموو لایەك دروستكردنی خێزان بە پرۆسەیەكی پیرۆزی دادەنێن.. ئەی ئەم وتەیە لە چ قۆزاغەیەكەوە سەری دەرهێناوە؟ دەی مەرج نییە هەموو وتەیە پارسەنگی ئاكامەكانی ئایندەبێ!! چونكە كچ.. باس لە دوێنێ ناكەین.. ئەمڕۆ بە ئارەزووی خۆی بڕیار لەسەر زەماوەندی خۆی دەدات ، ئەگەر بە شێوەیەكی گشتیش نەبێ رێژەیەكی زۆری بەم شێوەیەیە ،هەروەها كوڕیش بە هەمان شێوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات ، ئێدی باوك لە ئێستا بە دوواوە نازناوی (خەزوور) هەڵدەگرێ بۆ بووكی كوڕەكەی و زاوای كچەكەی ، سەیر لەوەدایە خەزوور لە ئاهەنگی كوڕەكەیدا تا ئەوپەڕی خۆشنوودی خۆشحاڵە و بە هەموو شێوازێك سەما و سەرچۆپیگر دەبێ ! لە هەمان كاتدا نەك خۆشحاڵ نییە بەڵكو هەر ناچێتە ئاهەنگی كچەكەیەوە ! بە روویەكی ترا ئەوەندەی

**خەزوور..**

بووکەکەی خۆشدەوێ دە هێندە رقی لە زاواکەی دەبێتەوە و مەبەستییەتی هەر نەیبینێ ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە تا ئێستا باجی کەم و کوڕییەکانی دەدەین ،بەشێکی سەرەکی بوونەوەر مرۆڤە.. واتە دەبێ مافە مرۆییەکانی پێ بدرێ بە هەردوو رەگەزەکەیەوە.. دەڵێن (چەپڵە بە یەك دەست لێنادرێت) کەچی بڕواشمان پێی نییە !

نێرو مێ سێوێکن کراون بەدوو لەتەوە.. (نێر) بەدووای مێ وێڵە و بەشان و باڵیدا هەڵئەدا تا بگات پێی ، لەهەمان کاتدا (مێ) ش چاوەنۆڕە نێرەکەی خۆی بدۆزێتەوە.. ئەمە کردەیەکی سروشتی مرۆڤەکانە، بەتاکڕەویش هیچ کەس و نەتەوە و کۆمەڵگەیەك ناگات بەهیچ.. واتە هەردوولا دەتوانن مەشخەڵ بهێننە ئارا و دونیا رەنگین کەن و تاموبۆ بۆژیین بهێننە کایە ..

لە روانگەی ئەم جۆرە خەزوورانەوە کە تا ئێستا هەیە و بوونی ماوە گوایە کچ بە حوکمی ئەوەی مێیە دەگەوێتە ژێرەوە و جێی شەرمەزارییە بۆ بنەماڵە !! کوڕیش بە حوکمی ئەوەی نێرە دەکەوێتە سەرەوە و جێی شانازییە ، لەم روانگەیەوە بۆ مرۆڤەکان دەڕوانن لە کاتێکدا هەموو ئەوە دەزانین دایکمان مێیە و دەکەوێتە ژێر باوکمانەوە.. کەچی خۆشمان دەوێ و رێزی







لێدەگرین ، ئەمە سروشتی ژییانە یان پێمان ناخۆشە کچمان دەبێت.. کەکوڕیشمان دەبێت زەردەخەنە لێومان دادەگرێت.!

نابێ لەمڕۆدا کە سەردەمی جیهانگیری و ژیانی لیبڕاڵیانەیە و مرۆڤەکان هەموو هەنگاوی بۆ دەنێن و دەرگا لەسەر هەموو شتە کلۆم دراوەکان کراوەتەوە ، ئەمێستا پێم وایە پێچەوانە بۆتەوە ! نەك مێ کە کەوتۆتە سەرەوە بەڵکو نێر بۆ هەمیشە ژێرەوەی هەڵبژاردووە .. وە بەردەوام ئەم جێگۆڕکێیە دەکەن ! لە پێناو فەراهەمکردنی حەزە مرۆییەکانیاندا ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بە قێزەون لە کەسایەتی مێ بڕوانین بەڵکو دەبێ شانازی پێوە بکەین ،چونکە هەمیشە ئامێزێکن بۆ ئارامی و خۆشبەختی ژیان ..

#########

# کە جام پڕبوو دەڕژێ

زۆرجار بە کۆڵان یا بە کوچەیەکدا ڕێدەکەین ، دەبیینین زۆربەی بەردەرگەی مالەکان کۆمەڵی ژن دانیشتوون بوچخوچیان بەدەم بنیشت و چەرەسەوە سەر گورشتە دەگێرنەوە ، جارجارێکیش غەیبەت دەکەن و لە بەژن و بالأی ئەم و ئەویش دا دەڕوانن ئەمە وەك دیوی بینەرێ کە بەو شوێنەدا ڕەت دەبێت باتاوێ شۆڕبینەوە بۆنێو دەرونی ئەو ژن و کچانە یا ناوەختی ئەو مالأنە پێش ئەوەی لەم دەرگایانە بدەین گەرەکە بپرسین ئایا ئەم دیاردەیە هەرماڵە هەژار و کەم دەرامەتەکانن یاخود ئەوانی تریش هەروان ؟ بۆ وەلأمی ئەم پرسیارە تە ئەنجامی قسەکانمدا شتێکت بەر چنگ دەکەوێت ..

ئەم گەڕەکانە خاوەنی نیشتەجێیەکی زۆرن لەبەر ئەوەی هیچ هۆکارێکی کات بە سەر بردن نابینرێت تیایاندا ، ناچار گەنجە کوڕەکان حەوسەڵەیان لێ هەڵدەگیرێ و بەرەو دەرەوە هەڵد ێن، یا لەگەڵ هاوڕێیەکیاندا دەکەونە گفتوگۆ و گەشتکردن، باوکەش هەر دەیهێنێ و دەیبا و مژ لە جگەرەکەی دەدا و بەیانی زووش لەگەڵ شیرەی مەلاژندا دێتەدەر بەرەو کار دەکەوێتە ڕێ ، ئێوارەش بەماندووبوون دەگەڕێتەوە نازانێ چۆن هەلێ دروست

کا تا بحەوێتەوە .. چونکە ناتوانێ خەونەکانی ژنە یا کچە یا کوڕەکەی کە دەور وخولی دەدەن بهێنێتە دی ! ئەوەی بەدەستی هێناوە لەوانەیە بژێوی ڕۆژانەش تەواو نەکا، ئێدی ناچار بە بۆڵە بوڵ لێیان دور دەکەوێتەوە و خۆی لە مەسەلەکان گێل دەکا و دەیەوێ بە دووکەڵی جگەرە بای باڵی خۆی بدا و دەروونی ئاو بخواتەوە ، کچەش هەر بەدەوری خۆیدا دێ هاوڕێکانی هەر لەجل و بەرگ و زێڕو زیووەوە.. هەر لە خەندە و گیرفانی پڕەوە،ئەمیش لە هەموو شتێ بێبەش! لەهەندێ کاتیشدا خۆی بڕوا بەخۆی دێنێتەوە کە ناکرێ بووەستێ.. دەبێ شتێ بکا کە ئەم قۆناغە بە دەستی خۆی بیگۆڕێ ،لەخویندندا بۆی کرا سەرێ لە هاوڕێکانی دەدا یا بۆ دەرکردنی بای باڵێ لەگەڵ کچە دراوسێ کەیاندا تاوێ دادەنیشێ و بۆشی کرا هەندێ جار چاوبازی دەکا هەر بۆ ئاوی دڵ ، دایکەش هەر دەیهێنێ و دەیبا ناگاتە هیچ.. کچە دەبینێ هەروەی سەرنج لەکوڕە دەدا دایکی کوێر بێ نازانێ چی بکا، لەولاوەش ماندووبوونی پیرە مێردەکەی دێتە بەرچاو کە تا ئێوارە دەڕەتێ هێشتا هەر بەفریا ناگا ! بۆیە کە دێتە بەر دەرگا هیچ نەبێ تاوێ لەگەڵ باجی ئافتاو و حەپسەخانی ئەودیوویاندا بێتاقەتی خۆی دەردەکا ، هەرچەندە ئەوانیش لەم باشترنین ! دەی خۆ هیچ نەبێ دەزانێ





حەپسە لەگەڵ بووکەکەیدا گەشتوونەتە کوێ؟ یا ئافتاو لەگەڵ ئەو کوڕەی بەنیازە بێتە داوای کچەکەی.. چونکە زۆر لێی بەخەم بوو ! پێکەوە دیونی و پێم وایە ئەو کوڕە نەیەتەپێشەوە شار بەدەری دەکا !

وەڵلا بۆم کرا لەگەڵ حەپسەشدا باسی مەسەلەکەی (شیروان) یشی لەگەڵدا دەبڕێنمەوە.. بە قوربانی بەژن و باڵای بم.. کچ لە شیروان بەباشتری دەدات؟

خوێنەری خۆشەویست لەم چیرۆکەوە بۆ شتەکانی دیکە ، ئایا پێت وایە لە چین و توێژەکانی دیکەدا ئەمە بەر جەستە دەبێ؟ بیگومان نەخێر ، چونکە دەست دەبا بۆ هەر شتێك ناڵێ نا! کەواتە دەنگ و هەرا لە هەر کوێ بەرز بوو وەوە بۆی مەگەڕێ ! دەردە سەری ماڵە هەژارێکە و بەوە دەری دەبڕێ..

##########

# دڵ پیسـی ..

زۆرن ئـەو كێشـانەی ڕۆژانـە لـەنێو تاكەكانـدا نوێدەبنـەوە بەپۆشاك و فەنتازیای سوریالیەوە ،كە خۆمان لەسەر شانۆی ژییـان تۆمـاری دەكـەین بـۆ خـەڵك ، بـەڵام هـەرگیز لـەخۆمان ناپرسین كە ئەم جۆرە كێشانە خەڵكی پێ بێزار دەكەین و بۆ دوواجـار لێمـان دور دەكەونـەوە و تـەنیا دەمێنینـەوە و لـە گۆشـەیەكدا كاڵـەك بـە ئـەژنۆ دەشـكێنین ! ئەمـەش لـە نەخوێندنەوەمانـە بـۆ یەكدی و ڕاسـتەوخۆ بڕیاردانـە .. كـە دەمانگەیەنێتە چارەنوسێك كە دڵمان پیس بكەین لە یەكدی .. من كە گەشتمە ئەو بڕوایـەی كـە تـۆ ئـەو كەسـەی ببیتە جێی متمانـەم و ئـە و هەلـەش بڕەخسـێنم تـا ئـەم بڕوایـە لـەلای هەردوكمان دروست بێت .. ئێدی پێویست بە گومان ناكات یان دڵم پیس بكەم لێت كە تۆ چی دەكـەیت و چۆن هـەڵس و كەوت لەگەڵ دەور و بەردا دەكەیت، ئەمە هیچ لەو ناكات بگرە بەزەیی بە حاڵی تۆشدا دێتەوە ! لێرەدا تۆ تەنیا دەمێنیتەوە .. چونكە ئەمە بەردەوامی ناداتە ژییان كە من بە دووای تـۆوەبم بزانم چی دەكەیت و چۆن دەژیت یان بە پێچەوانەوە !؟ واتـە

هەموو تەمەنی خۆمان کردە قوربان بۆچوونی هەڵە و بڕوا نەبوون بەیەك .. بەم کردەیەش ناتوانیت مەبەست بپێکیت !بگرە خۆت فریوو دەدەیت .. چونکە کەسی بەرامبەرت ئەگەر تۆی بویێت و بڕوای بەتۆ هەبێت هەرگیز ناتگۆڕێتەوە بۆ هیچ شازادەیەك ! وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تۆی نەوێت یەك ملیۆن سانسۆری وە دووا خەیت دەتگۆڕێتەوە بۆ قێزەونترین کەس کە دڵی خواستی بێت ، چونکە من کە دێمە دەرەوە لە ماڵ بەس خۆمم و ویژدان و کەسایەتی خۆم مامەڵە بە هەڵسوکەوتمەوە دەکات .. واتە چۆنم بوێت وا دەکەم ، من لەگەڵ هەڵەدا نیم کە رووبدات بەلاَم کە رووشیدا .. هەڵبەت سەرەتاکانت لاوازن ! پێویستە کێشەکە بچوك بکەینەوە نەك زلی بکەین و سەر لە خۆمان تێکبدەین و خەڵکی بە خۆمان خۆش بکەین .. ئەمەش لە کاتێکدا کە کەسی بە هەڵەدا چوو دان بەوەدا بنێت کە هەڵە بووە !! لێبوردنیش ئەو چەمکەیە کە هەموو مرۆڤایەتی ئاواتەخوازین ، ئەم جۆرە بابەتانە بەسەر هەردوو رەگەزدا بەرجەستە دەبێت چ ژن بێت یان پیاو .. من کە بڕوام بە ژنەکەم نەبوو بۆ هاوسەرێتیم لەگەڵدا دروستکرد ؟ چونکە ژییان بریتی نییە لە رۆژ و دوو رۆژ .. واتە لەسەرەتادا بڕیار نەدەم کە بڕیاریشم دا پێویستە رێز لەو بڕیارە بگرم کە داومە و



پەیوەستیش بم پێیەوە !! ئەم چەمکە وامان لێدەکات بە هەڵسوکەوتەکانماندا بچینەوە و کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورە بکەین و خاڵە زەق و لەکار کەوتووەکانی کۆمەڵگا بگۆڕین .. ئەمەش ئاسان نییە و هەوڵ و ماندوو بوون و پشووی درێژ خایەنی دەوێت .. ئێدی هێدی هێدی ئەم بڕوایە لە خەیاڵەوە دەبێتە بنەما و لە مێشکی هەموو تاکێکدا دەچەسپێت ، بڕوا بوونیشمان بە گۆڕان خۆی لە خۆیدا گۆڕانکاری دێنێتە ئارا و بڕیارەکان ئاسان دەکەوێتەوە لای خەڵك و هەموو پەیوەست دەبن پێیەوە ، ئەوسا نەمان دەتوانی خۆمان بگرین کە کوڕ و کچێك پێکەوە دابنیشن و باس لە خەونەکانی خۆیان بکەن ! ئەی چیبووە هۆی گۆڕانکاری کە ئێستا ئازادانە جل دەپۆشن و پێدەکەنن و پیاسە دەکەن و لە شوێنی مەبەستیش یەکدی دەدوێنن و دەبینن !

بڵێین و نەڵێین ئەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ناوچەکەماندا هاتووە دەرگایەکی گەورەی لەسەر زانیارییە هەمە چەشنەکان کردۆتەوە و لێیەوە ئێمەش بە خۆدا دەچینەوە و پابەند دەبین پێیەوە ، ئەم بڕوابوونەشە وامان لێدەکات لە کاروانی ژییانی نوێ جوودا و جێنەمێنین.

# دش و براژن

ژنی کورد هەمیشە قوربانی هەموو دەردە سەرییەکان بووە.. هەمیشە ماڵیك یان ئامێزێك بووە بۆ بەختەوەری و ئارامی لەنێو چین و توێژەکان و کۆمەڵگەی کوردەواریدا ، واتە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکدا مەینەتییەکی نۆی رووبەڕوو یان بوو وەتەوە ، هەل نەرەخساوە یا ماوە نەلواوە تۆزێ بەخۆدا بێتەوە.. ساتێك بڕخسێنێ بەدووی خونچەکانی ژیاندا بگەرێ و لێیەوە دونیایەکی پاك و بێگەرد بۆ خودی خۆی و رەگەزە مرۆییەکەی بە دەست بهێنێ ، ژن و ژنخوازیش یەکێکە لەو پرۆسانەی بەردەوام لەنێو خێزانی کوردیدا نوێ دەبێتەوە بە هەموو گورانکارییە جەسەدی و هزرییەکانیەوە ، تا ئەمرۆکەش بە دەردی نەزانینی زانیارییەوە دەتلێنەوە و تۆڵەی خۆیان لەبری ئەوەی لە رۆژگار بکەنەوە بە چینە بە سۆزەکەی خۆیانی دەڕێژن !



#########

دش و براژن: کە دوو فاکتەرن مەبەستمانە لێی بدوێین ، ئەم دەستەواژانە هەرووکیان مێن و پشتی یەکن و زۆر شت پێکیانەوە دەبەستێت و دانوییان لەگەڵ یەك ناکوڵێت ! کاتێك کوڕ ژن دێنێت خوشکەکان دەبنە دش بۆ بووکێ و بووکێش دەبێتە براژن بۆ دش ، دش وا بیر دەکاتەوە کە چەند وەختە لەگەڵ براکەیان هاو تەبابوون و بێیەك هەڵیان نەکردووە.. ئەمێستاکە بووکێ بووەتە خاوەنی و ئێمەی فەرامۆش کردووە.. واتە تاوانبار بووکێیە !! بووکێش بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ پیلانێك بێت بۆ ئەم دوژمن کارییە تاوانبار دەکرێت ، کە بڕیاری هاوسەر دروستکردنیدا مەبەستی بوو لە ژییانی تەنیایی رزگاری بێ و ژینێکی هاوبەش و نوێ بۆ خۆی بنیات بنێت .. ئێستا بێئەوەی هەوێنیش بێت بۆ کێشە بووەتە براژنی کەسانێك لە هیچ و خۆڕایی شەڕی پێ دەفرۆشن ! چۆن بەرگری لە خۆی بکات ؟ یا ئەوەتە گوێ بە هیچ نادا و وەك خوشك هەڵسوکەوتییان لەگەڵ دەکا و هەوڵ دەدا تێیان بگەیەنێت کە ئەم نەبووەتە ریگر لە بەردەم خوشك و برایەتیاندا .. بەڵکو ئەم هێندەی دیکە خۆشەویستی دەچێنێ لە نێوانیاندا ، یا بە شێوازێکی دیکە ئەوان هەرچییەکیان وت ئەم پێچەوانەیان ئەوەستێ .. یا راستەوخۆ بۆ برای خوشکانی دەگێڕێتەوە ! بەمەش ئاشتی بەر قەرار نابێ و تا بێت جەنگ نزیك دەکەوێتەوە ، دشەکانیش کە لە ئێرەییدا خۆیان دەبیننەوە کە شوویان نەکردووە و ماڵ و مێردیان پێکەوە نەناوە و ئەو هاوڕێیەیان دەستنیشان نەکردووە تا لەگەڵیدا پێکەوە بخنێنەوە و چێژ لە ژییانی تازەیان وەربگرن ، لەلایەکی دیکەوە هەست دەکەن براکەیان هەموو ئەو سۆز و خۆشەویستییەی کە ئەوسا ئەیدا بە ئەمان ئێستا هەر هەمووی بۆ بووکێیە و ئێمەی لێ بێبەش کردووە ! جا پێویستە هەرچی زووە بە هەر شێوەیەك بێت بووکێی لەبەر چاو بخەین و بە هەموومان جوانترین بووکی دیکەی بۆ دەهێنین ، ئەمەش پووختە سیناریۆیەکی نوێیە کە هەر خۆیان واتە ژنان بۆ خۆیانی دروست دەکەنەوە .. هەر خۆشییان دەبنە قوربانی بە هەڵە بیرکردنەوەیان ، وەکاتێ کە دشەش شوو دەکات و ماڵ پێکەوە دەنێت وا نەزانن گەشت بە مراز کۆتایی بە پیلانەکانی دێنێ .. نا بە پێچەوانەوە بە شێوازێکی نوێتر و بە چەك و تفاقی بەهێزترەوە دێتەوە مەیدانی شەڕ !!

کۆمەڵە وتار

یوسف خەلیل

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خود

########

## هـــێوەرژن ..

هەنگاونان یەکێکە لەو فاکتەرانەی بەردەوامبوونی ژینی پێوە بەندە ،لێوەی دەتوانرێ ئایندەیەکی چاوەڕواننەکراوی پێ بەدەست بێ ، بە ئەنجام دانی ئەم پرۆسەیە هیوابوونە بە سبەینێ و سەرکەوتنە بەسەر دێوەزمەکانی سانسۆر و رماندنی دیوارەکانی کۆیللەبوونە .. بەمەرجێك بەرنامەمان هەبێت بۆی ! دەتوانرێ ئەفراندن بخولقێنرێ .. بەلاّم لای ئێمەی بێ پرۆگرام سەرکووتکردنی هاوشانەکانمانە و تەنیا و بێبالّ رێکردنە ! ئەم رێڕەوەش لەبەر ئەوەی مەبەستت تەنها بەدەستهێنانی خۆزگەکانی خۆتە و ئاوکردنە ژێر ئەوانی دیکەیە .. سەرکەوتن بەدەست ناهێنیت ..



www.dengekan.com

چەپڵ بە یەك دەست لێنادرێت.. هەموو پرۆسەکانی بەردەوامی ژییان بێ هاوکار و هاورێ و هاو خەون بە دەست نایەت و نایەتە دی، لێرەوە دەمەوێ لەم نازناوە بدوێم کە بە (هێوەر ژن) ناو زەد کراوە ، ئەمەش بەو دوو ژنە دەوترێت کە هاوسەری دووبران ..کە بە هۆی ژن و ژنخوازی و خزمایەتییەوە چونەتە نێو ئەو خێزانەوە کە هەموو تاکەکانی تەواوکەری یەکدین ، بڵێین و نەڵێین ئەم دوو ژنە خاوەنی کەسایەتی خۆیانن و هەریەکەیان لە ماڵ و خێزانێکی سەربەخۆدا ژییان بەسەر دەبەن.. واتە چارەنووسیان جیاوازە و گەرەکە بۆ ئایندەیان هەنگاو بنێن کە خێزانێکی ئارام و بەختەوەرە ، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئێرەی رۆژهەڵاتدا ئەم دوو ژنە نەك هاوتەبا نین بۆ خوودی خۆیان بەڵکو دەیانەوێ براکانیش لەیەك بکەن و منداڵەکانیشیان کە ئامۆزان بۆ یەك لە یەکدی دابڕن !! ئەمەش چارەنووسییان بە باش بۆ ناشکێتەوە جگە لەسەر لێشێواوی نەبێت ، ئەم خانووی هەیە و بۆی لواوە بە حوکمی کار و پیشەکەی .. ئەو نییەتی و توانای مامناوەندە یا لاوازە ، ژنە لەبەر ئەوەی هێوەر ژنەکەی هەیەتی پێدادەگرێ کە دەبێ ئەمیش هەیبێت ، ئێدی پیاوەکە ئەگەر تووانی بەسەر ئەم داواکارییەدا سەرکەوێت ئەوە







گرفتەکە ئارام دەبێتەوە ئەگەر نا.. ئەوە بار و دۆخەکە بەرەو ئاقار دەڕوات ، یا ئەو منداڵێکی هەیە و ئەم دوو منداڵی هەیە نابێ و ناکرێ ئەبێ ئەویش بیکات بە دوو منداڵ ، یا ئەو ئۆتۆمبێلی هەیە و ئەم نییەتی و تا دوایی.

ئەم کێشانە یاخوود ئەم چەلەحانێیانە رۆژانە رووبەڕووی ئەم خێزانانە دەبنەوە ، هەر ئەمەشە وای لە وشەی (هێوەر ژن) کردووە کە ناشرین بکەوێتەوە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵدا ، هۆکاری ئەم کێشانە لە چییەوە سەر هەڵدەدات ؟ بێگومان لەم خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە:

1 **باری ئابووری :** یەکێکە لەو هۆکارانەی بەردەوام سەرچاوە بووە بۆ سەرهەڵدانی کێشە .. لەبەر ئەوەی باری بژێووی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا زۆر لاوازە و ناتوانن وەك پێویست بژێووی رۆژانەی خۆیان دابین بکەن بە هۆی ئەو بارووددۆخە سیاسییەی بەسەریاندا سەپاوە و بێکاری رووبەڕووی زۆربەی تاکەکان بووەتەوە و ئارامی و ئاسوودەیی شێواندووە ..

2 **ئاستی رۆشنبیری :** هەرچەندە ئەمەش تەواوکەری خاڵی یەکەمە چونکە بارودۆخ ئارام نەبێت .. ماوە نالوێ بۆ خوێندن و خوێندنەوە ، نەبوونی خوێندنیش بێگومان ئاسوودەیی ناهێنێتە ئارا ! کە ئەمەش نەبوو ماوە نالوێ بۆ خۆ چڕکردنەوە

و زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا بە تایبەتی ئەم جۆرە کێشانە کە لە راستیدا هەر گرفت نین وەك دەڵێن : دەرزییەك دەکەن بە شاخێك ، قسەیەکی دیکەش هەیە کە دەڵێ : نەزان هۆی نەزانینی خۆی بزانیایە دەبوو بە زانا ، دەبا هەموومان پردبین بۆ پەڕینـەوەی یەکدی ! کار ئاسانی بۆ یەکدی برەخسێنین تـا زاڵـبین بەسـەر کێشەکانماندا ..

#########





## کچان و ..
## نامۆبوون بە سێکس

کۆمەڵگەی بـاوك سـالاری هـەموو شـتێکی بـۆ خـۆی قـۆرخ کـردووە.. هـەر لـە ئازایـەتی و مەردایـەتی و تـا دووایـی، بەرامبەرەکەشی بە کەم توانا و بێ دەسەڵات وەسف کردووە.
ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێین ئاوێزان بوونە واتـە (سێکس) لەنێو تاکەکاندا وەك هەموو شتەکانی دی.. بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە کایەکانی مرۆیی تـەواو دەکـەن، واتـە پێویستییەکە و پەراوە کردنی.. سۆز و خۆشەویستی دەچێنێ

و هاوسەرێتی و خێزانی لێدەکەوێتەوە و بەگڕو تین و وزەیەکی بە جۆشەوە ڕووبەڕووی پێشهاتەکان دەبێتەوە، واتە شتێك نییە زیـاد بـێ و بـە زۆر بیسـەپێنن بەسـەر کەسـەکاندا، هـەر ئەمـە بەردەوامی بە ژییان دەدا و زەردەخەنە لـە نێـو نێـر و مێکانـدا دەچێنێ.

پیاوی ڕۆژهەلآتی لە پێناو دامرکاندنەوەی شەهوەتەکانیدا نەك ژنێك بەڵکو ئامادەیە چەند ژنێك بۆ خۆی قۆرخ کات! لەگەڵ ئەوەشدا دەست و چاوو ئەندامی نێرینەی تێربوونی بۆ نییە و هەمیشـە وێڵـە بـە دووی نێچـیری سـنگ بـەرز و سمـت پـان و گۆرانی بە بەژن و بالآیدا هەڵ دەدات، بەلآم ئەم چەمکە تەنها بۆ خـودی خۆیـەتی ! مـرۆڤ چـەندە حـەز دەکـات خۆشـییەکان دەستەبەر بکات ئەبێت ئامادەش بێت هەمان حەز و ئارەزوو بۆ بەرامبەرەکەشی بڕخسێنێت ، ژن کـە کەسـی دووەمـە لای ئـەم جۆرە مرۆڤانە چارەنووسیشی نێچیری دەستی ئەوانە ، کە لـە باوك و برا و مێرد یا هەر پیاوێـك بێـت چییان پـێ بـاش بێـت وەهای بەکار دەهێنن ، گـەر یـەکێکیش بزێـو بێـت و لـە دەرگا بدات و پەنجەرە بشکێنێت !! بە ئـابڕوو بـەر و بـێ شـەرەف و سۆزانی ناو زەندی دەکەن و بە تاوانی (زینا) بەرد بارانی دەکەن ، پیاو بە ئارەزوو گەمە بە جەستەی ژنـەوە دەکـات لـەم جـۆرە





کۆمەڵگایانەدا .. بەبێ ئەوەی هەست بکات مرۆڤـە و خـاوەنی هەمان کەسایەتییە کە ئەو هەیەتی، بەهۆی پەیدا بوونی میدیا و گەشەسەندنی تەکنەلۆجیاوە فیلمە سێکسییەکان ڕوولـە زیـاد بوونن و بەئارەزووی دڵ سەیریان دەکرێ و لێیان دەڕوانرێ ، چۆنییەتی هەڵسوکەوتەکانیش ڕاستەوخۆ دەگوازنەوە و لەگەڵ جەستەی ژنەکاندا بەرجەستە دەکرێ ، ئەم جۆرە کردارانە تام و چێژ زۆرتر دەکەن و زووتر شەهوەتی جەستەکان دەرەوێننەوە.. ئەگەر لـە هـەردوولاوە پـەراوە بکرێـت ، بـەلآم ئـەم ڕێنـادات یـا ئامادە نییە دایکی.. ژنی.. خوشکی.. بێگانە بەم سەیری ئەم جۆرە فیلمانە بکات و یا زانیاری پەیدا بکـات لـەو ڕووانـەوە.. ئێدی بە هەموو شێوەیەك بێئاگا دەبێت لـەو هەسـت و سـۆز و حەزەی کە لە جەستەیدا هەیە !! لە کاتێکدا کە مێیـە نازانێـت مێینەیی خۆی لە کوێدایە ؟ ئەزانێت ژن منداڵی دەبێت کاتێك مێرد دەکات.. ئێدی بە دوواداچوونی نییە بۆی .. ئەگەر بشی بێت بۆی ڕێـی پێنادرێت، کاتێکیش مەسـەلەی هاوسـەرگیری دێتە ئاراوە.. هەرچەندە ئێستا تا ڕادەیەك بەرەو پێش چووە و کچ لەسەر خواستی خۆی کەسی بەرامبـەر هەڵدەسـەنگێنێت ، ئێـدی لەگـەڵ سـەرەتاکانی ئـەم بڕیـارەدا لاوازی و تـرس بەرووخسـارییەوە دەبینـرێ زۆر بـەزەقی، ئەمـەش پێویسـت

بەروونکردنەوە ناکات چونکە لە ترسی بەیەککەیشتنە لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا، بـەهۆی نـەبوونی زانیـاری و ناشـرینکردنی پرۆسەکەوە سەرچاوە دەگرێ، کە دەشگاتە پرۆسەکە خێزانێکی خۆشگوزەران پێك ناهێنێ.. چونکە هەر لە سەرەتاوە کێشە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، وەك وتمان کوڕە زانیـاری تـەواوی هەیە بەلاّم کچە نییەتی و لێشی دەترسێت ! لـە هـەمان کاتـدا کوڕە شارەزایە بۆ پرۆسەی بەیەککەیشتنەکە بـەلاّم نەزانـە لـە چۆنییەتی مامەڵە کردنەکەدا.. ئەگینا کێشـەکە بـەو شـێوەیە نەدەکەوتەوە !! مەبەستییەتی لە ماوەیەکی کەمدا .. وا دەزانێت رادەکات لە دەستی.. جەرگ و هەناوی کچەی داماو هەڵلووشێت ! ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش پێشینەی هەیە بە درێژایی مێژوو .. پیاو ئەبێت لەو شەوەدا کە شەوی پەردەی پێدەوترێت پیاوەتی خۆی بسەلمێنێت ئەگینا نێرێتی خۆی لەدەست دەدات ! کە ئەم بـەو شـێوەیە بڕوانێـت و کچـێکی ناسـك و نـازدار و گۆشـتنی بکەوێتە بەر دەست هەر ئەوە نییە نایخوات ئەگینا شلوو کووتی دەکـات ، کـچ کـە بەترسـەوە هاتووەتـە نـاو پرۆسـەکەوە و رووبـەڕووی ئـەم کردەیـەی کوڕەکـەش دەبێتـەوە بەهـەموو شێوەیەك کردەکەی لەبەرچاو دەکەوێت و قێز لەخۆی دەکاتەوەو خۆی بەکەم دەزانێت لە ئاست ئەو کەسەی کە دەیەوێت هاوڕێی





هەمیشەیی بێت، لێرەوە ساردی سێکسی دروست دەبێت، خۆ ئەگەر کچە خوێنی نـەبێت بیر لـەوە ناکرێتـەوە کە حاڵـەتێکی تەندروستی بێت.. یەکسەر شایی دەبێتە شین و جەستەی کـچە دەبێتە مەرگێکی هەلاّڵەیی بەر دەستی دڕندە !!

** چـی بکـەین بـۆ ئـەوەی چـێژ لـەژییانی هاوسـەرێتیمان وەربگرین؟*

– بە هەموو شێوەیەك بە دووی زانیاریدا بگەڕێین و پێمان عەیب نەبێت و بە مافی خۆمانی بزانین.

– چـی بـۆ خۆمـان دەخـوازین دەبێـت بـۆ هـەموو کەسـێکی بخوازین.. نابێت قێز لەیەکدی بکەینـەوە پێویسـتە پرۆسـەکە ئاسایی وەربگرین.

– پێشـتر ئامـادەیی خۆمـان بـۆ ئەنجامـدانی پرۆسـەکە ئامادەکەین لە خۆ رازاندنەوە بۆ یەکدی .. لە خواردن و میوەی خـۆش لـە قسـە و گەمـە و دەسـتبازی و وردە مـاچ ، بەمـەش کردەکە خۆی دروست دەبێت و تێر بوونیش مەحاڵ دەبێت لای هەردوو جەستە تامەزرۆکە ..

لە دووا پەیڤدا سێکس و ئاوێزان بوون پرۆسەیەکە سۆز و خۆشەویستی و ژینێکی پڕ لـە پێکـەنین لەگـەڵ خـۆی دێـنێ و ئایندەمان جوانتر دەکات ..

کۆمەڵە وتار

یوسف خالید

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خوود

#########

## شەوی پەردە

کچان و کوڕان خەون بە ئایندەی نوێیانەوە دەبینن، هەمیشە حەز دەکەن گۆڕان بەسەر لاپەڕەی ڕۆژانی تەمەنیاندا بهێنن، یەکێك لەو پرۆسانەی کە گەنجانی

ڕۆژهەڵاتــی شەونخــونی پــێوە دەچێــژن گــۆڕانی بەهــاوسەر بــوونە.. کــە کــوڕان هەمـــیشە بیر لـەوە دەکەنـــەوە.. ئــەو دڵخـــوازە کێ بێ ئایـــندەی لـــەگەڵـــدا تـــەواو کەن؟ هـــەروەها کــچانیــش بەهەمان شێــواز هەمیــشە چاوەنـــۆڕی ئــەوەن ئەستێـــــرەی خەونـــەکانـــیان بێـــــتە دی، هەرچـــــەندە سەردەمـــی ئەمـــڕۆ وەك شـــەوە زەنگـــەکانی دوێـــنێ نـــەمـــاوە ! هـــەردوولا بەبـــڕوای یەکـــدی بڕیـار لـــە چـارەنوســـی یــەکدی دەدەن و ئـــاهەنــگی بەهـــاوســەربـــوون دروســـت دەکـــەن .

یــەکێـــك لـــەو کـــێشانـــەی کــە ڕووبــــەڕووی هـــەردوو دەبێـــتەوە.. تـــرسە لـــە شـــەوی بەیــەك گــەیشتن واتــە شــەوی پـــەردە، کــۆمەڵـــێ دڵـــە ڕاوکـــێ و دوودڵـــی ڕووبــەڕووی کــچە و کــــوڕەش دەبـــــێتەوە، زۆرجــــار بیـــنیومــــانە کـــــە شپـــــرزەییەکـــی زۆر لــــە هەڵـــسوکەوتـــی کـــوڕەدا دەبـــینرێ ! لـــەهەمان کـــاتدا زەرد هـــەڵگەڕان بـە سیـــمای کـــچانەوە دەبیــــنرێ لــــە ڕۆژانـــــی دەستـــگیرانیدا، ئەمــەش تـــەنها دەگــــەڕێتەوە بـــۆ بـــوارە کۆمـــەڵایەتیـــەکە و ئـــەو بـار و دۆخەی ئەو گەنـــجانەی تیا پـەروەردە بـــووە.. نەزانـــین یا نەبونی زانستی سێکـــس و ئاشنانەبوونی گـــەنجان پێـی و ترس لێی! هەمیشە وا ڕاهێـــنراوین، بەنسبــەت کوڕانەوە دەبێ شەوی زاوای خۆی بسەلمـــێنێ بە دوو تنـــۆك خوێنی دامێنـــی کـــچە ! ئەمـەش تا ئێستـــا لەناوماندا ماوەتـــەوە و لە زۆر درامای تەلـــــەفزیۆنیـــدا ئەمە بەرجەســـتە کراوە، ترسی کـــوڕ لـــەوەیە کە نەتـــوانێ ئەوە بسەلمێنێ.. هەرچەندە هەنـــدێ حاڵـــەتی تەندروسـتی دێتـە ئـارا کـە نەتـــوانـــرێ لــــەو شـــەوەدا ئەوە بکـــرێ .

سەبارەت بەکـــچانـــیش زۆرجار بیستـــومـــانە لێـــرە و لـــەوێ کــە چــەندە دامـــێن ئـــازاری دێ لـە کـاتی بەیــەك گەیشـــتن دا.. مامەڵـــەکردنی کوڕە لەم کاتـــەدا و شکانـــدنی پەردەی شـــەرم کە لـــەوەو پێـــش ئەمە نەبـــووە، لە هەمـــووی گرنگـــتر بوون و نەبوونـــی خوێنـــە لە کاتـــی ئەنجامـــدانی ئەم پرۆســـەیـــەدا کەوا ڕاهێنـــراوین بەبـــوونی خوێـــن ڕوو ســـوری دێتـــە ئارا و نەبوونـــی خوێـــن ڕســـوایی دێنێتـــە ئـــارا.! کـــە زۆرجـــار وەك وتمـــان لایـــەنی تەنـــدروستی بەشێـــوەیـــــەکی تـر بـێ ئەنجـــام بـە نەبـــوونی خوێـــن بکەوێـــتەوە !

ئەم بابەتە ئاو زۆر دەبات لە کـــۆتاییـــدا ئەوە دەڵێم کە پرۆســـەی بەهـــاوسەربـــوون گـــۆڕانێـــکی نوێیە لەژیـــانی

هـــەردوولادا پێویســـتە بەوپەڕی خۆشـــەویستییەوە لەو شەوە یاخـــوود لەو ژییـــانە نوێیە بڕوانین بەچاوێکی زانستیانە بۆی بـــچین مەشترســـن هێندە بەتام و بۆیـــە گەر بزانـــن مامەڵـــەی لەگەڵـــدا بکەن هەرگیز لێی تێر نابـــن.

#########

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خود

کۆمەڵە وتار

یوسف خەلیل

# مارەیی و ..
# فرۆشتنی جەستەیەکی مۆمیاکراو ..

سەمەرە نەبێ بەلاتانەوە زۆرن ئەو بابەتانەی کە لەمرۆدا دەبنە جێگەی پێکەنین.. لە هەمان کاتدا دەپرسین چۆنە تا ئێستا مرۆڤ ئەم جۆرە بۆچوونانەی پەیڕەو کردووە ؟

کاتێ پرۆسەی بەهاوسەربوون دێتە ئارا باوان کۆمەڵێ زنجیر مارەیی لە پێ و جەستەی مۆمیاکراوی کچ دەبەستن.. بەڵکو سبەینێ کە جیابۆوە پەکی نەکەوێ و بەو بیمەی پیاو بۆی دەبڕێتەوە پێی بژی !! باشە ئێمە بۆ بیر لە جیابوونەوە بکەینەوە ؟ بۆ بەخشندەیی نەبەخشینە ئەو چەپکە گوڵە تا هەمیشە پێکەوە بخنێنەوە ؟! یا کچ خاوەن کەسایەتییەکی تەواوە .. سبەینێ کە جیابووە وە بۆ چاوەڕێی یەکێ بێ بەخێووی بکا و دەست پان بکاتەوە بۆ ئەم و ئەو.. ئەی بۆ خۆی بیر لە بژێووی خۆی نەکاتەوە.. چی کەمترە لە کەسەکانی دی !؟ یا دەڵێن گوایە کوڕەی پێدەبەستیتەوە .. بۆ ئەوەی هەرگیز جیا نەبێتەوە !! نا زۆر بەهەڵەدا چوون .. ئەوانەی بە سەمای ئەم دیاردەیەوە هەڵدەپەڕن ! چونکە مرۆڤ ئاژەڵ نییە ببەسترێتەوە ! نەك چەند سەد لیرە بەڵکو



کێشە هاتە ئارا .. دەئەوەندە بێ لە یەکدی جوودا دەبنەوە ! ئەمە پەیامی ژییانە .. ئەو دووانە بڕیاری لەسەر دەدەن نەك من و تۆ ؟ با بۆ خۆمان دەست بخەینە ژێر سەرمان بە ئاوازی بیرکردنەوەی ئێمە و مانان .. هەرگیز ناتوانین ماڵێکی پڕ لە ئەوین بڕمێنین ! دەبا هاوکاریان بین .. دەبا هاو سۆزیان بین .. نەك بە هەندێ بیر و بۆچوون بنەمای کەسایەتییان دیاری بکەین..

وەك ئەم جۆرە ئاخاوتنانە :

– ئەو کوڕە ئیشی چییە ؟

– جووانە ؟

– وەزعی مادی چۆنە ؟

– بە دڵی خۆتە ؟

پاش ماوەیەکی دی ئەم جۆرە قسانەش دێنە سەری :

– تووخوا ئەوە شووە کردووتە ؟

– کچێ بۆ وازی لێ ناهێنی ؟

– وەڵڵا من بم لە جیاتی تۆ خۆم لە ئاڵتوونا زەرد دەکەم !

– قـــیروسیا قـــەرزارە تـــۆ بـــڵەی چـــی .. بـــۆ ژنـــی هێـــناوە ؟

ئـــەمانە و زۆر شتـــی دیکە.. کاتی ئەوە هاتووە بەخۆماندا بچینەوە و ئەم جـــۆرە بابەتـــانە کە بەستـــەرماندا داسەپییوە تا ئێستا چیـــدی نەهێڵیـــن بەردەوامی هـــەبێ.. کۆمـــەڵێ بنەمای دیکە خزمەت بەمرۆڤ بهێنینە ئارا.

##########

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خود

کۆمەڵە وتار

یوسف خەلیل

بێبڕوابوون ..

# هاندەرێکە بۆ خۆکوشتن ..

زۆرجار لێرەو لەوێ دەبیستین کە فلأن بیریار کە زۆرینەی بیری مرۆڤایەتی بۆ خۆی قۆرخ کردووە بەکردە داهێنانەکانی و هەموو لایەك کردویانەتە بنەما بۆ بەردەوامی ژییان و رۆژانە بەکار دەهێنرێ و توێژینەوەی چڕی لەسەر دەکرێ لەزۆرینەی زانکۆکانی دنیادا، لەناکاو دەبیستین لەرێی سەردێرو مانشێتی بلأوکراوەکانەوە کەهەستاوە بەخۆکوشتن.. بەهەر هۆیەك بێت کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنێ، لێرەوە دەپرسین ئایا هۆکاری هانا بردن بۆ خۆکوشتن دەبێت سەرچاوەکەی چی لەپشتەوە بێت؟ بۆ زیاتر بەپێز کردنی بابەتەکە و هۆگر بونتان پێیەوە نموونە لەسەر ئەم بیریار و هونەر دۆستانە دێنینەوە :

- ***ڤانکووغ*** **:** پاش شێتبوون خۆی کووشت کە زانی هیچ دەروازەیەکی نەماوە بۆ بەردەوامیبوون ..
- ***جیج یۆنگ*** : هەستا بە کووشتنی هاوسەرەکەی و خۆشی کردە قووربانی گولەیەك ..
- ***شارل پووایە*** **:** خۆی و هاوسەرەکەی و کۆرپەکەی پێکەوە خۆیان کووشت ..

ئەم سێ نموونەیە کۆمەڵێك پرسیار دەورووژێنێ .. من بێ هیوابووم و هیچ پەنجەرەیەك شك نابەم لێیەوە بڕوانمە سبەینێ هەڵدەستم بە خۆکوشتن !! بەلأم هاوسەر بۆ ؟ ئایا ئەو خاوەن خودێکی دیکە نییە ؟ کێ دەڵێ وا بیر دەکاتەوە ؟ یا منداڵ کە جووانترین خورپەی ژییان تیا هەڵدەقووڵێ .. بە هیچ شێوە و بنەمایەك بیر لە خۆکووشتن ناکاتەوە .. ناکرێ بە هۆی منەوە کەسانی تریش ببنە قوربانی ئەندێشەکانی من !! تۆبڵەی رۆحەکان هێندە ئاوێتەی یەکدی بووبێتن نەتوانن بێ یەك هەڵبکەن و پێکەوە بڕیار لە چارەنووسێکی نادیار و ترسناك بکەنەوە ؟! ئەمەیان زۆر گران دەکەوێتەوە و بنەمایەك لەمەدا نابینینەوە !!

- ***ئالان دیلۆن*** **:** کە هەمووومان پێی ئاشناین .. خۆی کووشت ! لە کاتێکدا هەموو کارە داهێنانەکانی و رۆڵە جوانەکانیمان دیووە ، پێدەچێت گەشتبێتە بڕوایەك کە بڵێت ئەوەی لە توانامدا بوو کردم ئێدی ژییان بۆ من پێویست نییە !! ئەمەش لە بڕوایەکی پۆلأینەوە سەرچەوە دەگرێ و خۆشەویستییەتی بۆ مرۆڤایەتی وکەم کەس دەتوانن بگەنە ئەو بڕوایە ..

- ***ئــەدلۆف هیتلـــەر*** : ســەرکردەی نازییــەکان و بکــوژی نزیکــەی (60) ملیــۆن کــەس هەســتا بــە کوشــتنی خــۆی و هاوسەرەکەی ، ئەمەش پاش ئەوەی تووانی هەموو دڕندەییەك بەرامبەر مرۆڤایەتی بەرپا بکا و بە شکستی دەزانی خۆی و هاوسەری وەك کۆیللەیەك ببینێتەوە و هیچ دەرکەیەکی نەما بە دەستەوە بۆ بەردەوامبوونی لەسەر کوشت و بڕی ..ناچار گەشتە ئەو بڕوایە ..
- ***مارلین مۆنرۆ*** : بە حەپی ڤالیۆم خۆی کوشت .. لە پاش خۆشی لە نێو کەل و پەل و پارە و زێڕەکانیدا نووسراوێکی لە بـانکی (مانهـاتن) لـە نیویـۆرك جێهێشـت کـە پێویســت بـە روونکردنەوە ناکات لەسەری بدوێین خۆی هەموو شتێك بە ژنان دەڵێت کە هۆکاری خۆکوشتنەکەیەتی : (خۆتـان بپارێزن لـە ناوبانگ دەرکردن و لەوانەی بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ هێرش دەکەنە سەرت و دەترازێننەوە ، من چارەڕەشترین ئافرەت بووم لەم سەر زەمینە .. چونکە نەمتوانی ببمە دایك !! ) ..

دەکرێت لەم گۆشەنیگایەوە بپرسین : ئایا مرۆڤ دەتوانێت بە خۆ کوشتن بگاتە ئامانج و کۆتایی هێنان بە کێشەکانی .. یا راکردنە لێی و بێ توانایە و خۆی دەداتە دەستی قەدەر و بە تەنها چارەسەری لە پێنووس دەدات بۆ رزگار بوون لێی ؟ بەلاَم ئەم بیرمەندانەی کە باسمان لێوە کردن ناکرێت بە کەسی ئاسایی لە پێنووسی بدەین و کە هاناش دەبەن بۆ ئەم چەمکە دەبێت لە پشتی ئەم شتانەوە کۆمەڵێك گومان هەبن کە ئێمە درکمان پێی نەبردبێت ..

گەلی کوردیش لەم کێشەیە بەدەر نییە ..بەشێوەیەکی گشتی بەرچاو دەکەویٚ بە تایبەت ژنان ئەویش لە رێی خۆ سوتان کە زۆر بە ئازارترە لە خۆ کووشتن بە فیشەك یان بە چەقۆ ! پیاوانمان بە شێوەیەك وەك ئەوەی کە هەیە لە دنیادا سەیر بکەین بەلاَم ژنانمان بە شێوەیەکی تایبەتمەند دەبێت لێی بڕوانین.

کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی نەبوونی سەکۆیەکی سەربەخۆ بۆ پانتـایی دەسـەلاَت.. داگیرکـاری و دوژمنکـاری لەهـەموو رووبــەکی ژیانــەوە.. بــەردەوام ژێــر دەســتەیی و بەرەنگاربوونەوەی هەمیشەیی جۆرێك لە دابڕاو لە مرۆڤی کوردا بەدیدەکرێت، ژنانیش کە هەمیشە رووبەڕووی پرسیارە قێزەونەکانی کۆمەڵگای کوردی بونەتەوە بە بیانووی شەرەف و پەیوەست بوون بە داوێنەوە کە (مێ) ن دەبێت کەرامەتی خۆی و کەس و کاری و ناوچەکەی بپارێزێت بە قوربانی دان بە هەموو شتێکی ! لەمەوپێش تاك تاك دەبینرا کە هەڵوێست

تیایانـدا ببینرێـت بـۆ نموونـە ( ڕەدووکـەوتن ) کـە قبـووڵ نەکردنی خواستەکانی خێزانە پاشان کۆمەڵگەشـە.. لەگـەڵ ئەوەی دەیەوێ و خـەونی پێوە دەبینێ دەڕوات ! لـە هـەمان کاتیشدا سووریش دەزانێت ئەنجامی باش نییە بەڵام بڕیاری خۆی دەدات ، لە ئێستاشدا هەرچەندە ژییان هەنگاوی باشی ناوە و زۆرێك لە خواستەکان بەرجەستەکراوە بەڵام گرفتەکان لە زۆربووندان.. ڕۆژانە دەبیستین کـە فلأن ژن کـوژراوە یـان خۆی سوتاندووە..

بـە هـۆی ئـەو گۆڕانکارییانـەی هاتۆتـە دنیـاوە لـە ڕێـی کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن و تۆڕەکـانی ئینتـەرنێت و هاتوچـۆی بەردەوامەوە ..جۆرێك ئاشنایەتی دروست بووە لەگـەڵ داب و نـەریتی گـەلانی دیکـەدا ، هاوبەسـتەبوونی ئێمـەش بـە داب و نەریتەوە زۆرێك لە خەونەکانی لێ قۆرخ کردوین ! ئەوسا ئەو شـتانەمان نـەدەبینی بـەڵام ئێسـتا هـەمووی دەبیـنین ئەمـەش هاندەرێکی پۆڵاینە کە لە پێستی خۆمان بێینەدەرو شتەکانمان پێ قبووڵ نەبێت ! کۆمەڵگاش خاوەنی سیستەمی باوکساڵارییە و ڕێ بەهـــەموو شـــتێك نـــادات.. نـــەبوونی ڕۆشـــنبیری و بیرکردنـەوەش وا لـە کەسـەکان دەکـات کـەبیر لـە خۆسـوتاندن بکەنەوە .. تاکە شتیش کە لەم کەسانەوە نزیك بێت (نـەوت)ە





بـەحوکمی ئـەوەی زۆربـەی کـات لەماڵـەوەن و لـەئاگر نـزیکن.. لەهەمان کاتدا نەبوونی هاوڕێ دۆست بێبڕوایی دروست دەکات و بـە موتڵـەقی بڕیـار لـە چارەنووسـێکی ڕەش دەدات ، لەگـەڵ ئەوەشدا لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا کەسـێك هـەبێت پێـی ڕابگات و لە ڕووی دەروونیەوە هێوریکاتەوە پەشیمان دەبێتەوە و کار لە کار ناتـــرازێ.

بۆ بەبڕشت کـردن و بڕوابـوونی ئێوە بـەو تاوانـە گـەورەیـە ئامارێکمان لەسەر خۆسوتاندن ئامـادەکردووە کـە تایبـەتـە بـە تەنها یەك نەخۆشخانە بۆ ساڵی (2004) کە چەندە ڕێژەی ئەم خەونە نەگریسە بڵاوە لە نێوماندا.. با بە هەموومان هەوڵبدەین بۆ کەمبوونەوەی و لە ئەنجامدا نەمانی بۆ یەکجاری ، چونکە چارەسەر نییە بۆ کێشەکان و ڕاکردنە لەو گەوهەرەی کە پێـی دەڵێن ژییان :

***ئاماری سوتاوەکان***

***بۆ ساڵی ( 2004 ) نەخۆشخانەی ئیمرجنسی لە سلێمانی***

* کۆی سوتاو (325) کەس ..
* پیاو (123) کەس ..
* ژن (202) کەس ..

* مردوو (63) کەس ..

* زیندوو (262) کەس ..

* پیاوی مردوو (12) کەس ..

* پیاوی زیندوو (111) کەس ..

* ژنی مردوو (51) کەس ..

* ژنی زیندوو (151) کەس ..

***ئاماری بەکارهێنراو بۆ مەبەستی خۆسوتاندن***

- نەوت (97) کەس ..
- بەنزین و گاز و ڕۆن (48) کەس ..
- غاز (39) کەس ..
- پەرەمز (34) کەس ..
- ئاوی گەرم (33) کەس ..
- تەباخی نەوت (31) کەس ..
- کارەبا و بروسکە (14) کەس ..
- زۆپا و عەلادین (11) کەس ..
- لەحیم و دەرمان و قیر (8) کەس ..
- تەنوور (6) کەس ..
- حەشوە و تەقینەوە (4) کەس ..

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خود

کۆمەڵە وتار

یوسف خلیل

#########

# تەڵاق ..
# چەکوشی دەستی پیاو ..

گەرەکە لەئێســـتادا بێسڵکردنەوە ئاوڕێـك لـەرابردووی مرۆڤایەتی بدەینەوەو گەشتێـــك بەنێو دێراوەکانیدا بکەین.. بەڵکو بەپێی تێگەیشتنـــی مرۆڤ و ئەو زانیاریانەی بەدەستی هێناوە.. گەر هەمووشی نەبێ کەمێکی پاراو کـــەین بەمـەش دەکرێ ئاوێکی بێگەرد ببەخشینە بەرامــبەر.

گـــومانە وامـان لێـدەکات بگـــەین بـە وەلاّم ! زۆرجـار بەخەیاڵمـــاندا دێ بپرسین: سەرتای هەموو شتـــەکان پیاون .. مـرۆڤ هـەر لـە سـەرەتای بوونیـــەوە هانـای بـردووە بـۆ پەیـــامێك تا لێیەوە پارێزراو بێت.. ئەو پەیامە درێژەی هەبووە لەگەڵ زنجیرەی کارەساتەکانی ژییان، سەر ســـووڕ دەمێنێ ! خاوەنی هـــەموو پەیامـــەکان پیـــاوون .. هەر ئەویـــش داڕێـژەری دانـانی سنوورەکانیــەتی .. گـەر بەکـــوفر لـە پێنـــووس نـەدرێ .. زۆرجـار دەگەینـــە ئـەو بڕوایـەی کـە خوواش پیاوبـــێ !! چونکە هەموو دەسەلاّتێـــك بەدەستی پیاوە و هەمـــوو خۆشگوزەرانییـــەکیش هەر بۆ پیـــاوە !! ژنیـــش هەمیشە بە درێـــژایی مێـــژوو هەر چاوە زەقـــەی بووە و هەمـــیشە بەش خـــوورا و بووە .. تا گـــەشتۆتە ئـــەو رادەیـەی بەئـــــارەزوو گەمـە بەجـــووانی و لـــەش و لارییـەوە کـــراوە .. کـراوەتە وێســتگەیەك بـۆ وەبەرهێـنانی وەچـــە، لێرەدا قسەیـــەکم بیر دێتـــەوە : کە دەڵێـــن ئەو هەمـــوو منالّــەت بۆچییە خـــالّە ؟ رۆڵــە خـــووا بە خێـــووی دەکـــا ! بێئـــەوەی بیـــر لە ژنــە بکـرێتەوە کــە تووشـــی چ رەزالــەتێك بـــووە بەدەستـــیانەوە ، یا قســـەیەکی دی هـــەیە دەڵێـــن : بـــا رۆڵـەی موسوڵـــمانان زۆربـــێ با منـــاڵ ببێ"، هیـــچ کاتـــێ مـاف بـۆ ژنـــە دانەنـــراوە و بیـــری لـێ نەکـــراوەتەوە ، زۆرجـــار هێنـــدە بەچاوێـــکی قێـــزەون لێـــی رووانـــراوە .. لێـــرە و لــەوێ و مێـــژوو دووپـــاتی دەکـــاتەوە کە ژن زیـــندە بەچـــاڵ کـــراوە یـا منـــاڵی کـــچ هەر کە لــە دایك بـــووە کـــراوە بەژێـــر گڵـــەوە یـا بـەردەوام بـــازرگانی

پێوە کـــراوە.!! وەك ئـــەوەی کاڵایـــەکی بێـــبایەخ بـــێ .. هەمـــیشە دەســـکەلای دەستی پیـــاو بێ ، ئەم دیـــاردەیە تائێســـتا مـــاوە کـــە منـــداڵێکی کـــچ لـە دایـــك دەبـــێ دەوروبـــەری هەمـــوو رووگـــرژ دەکەن .. کـە نێـرینەیەك چاو هەڵـدێنێ هەمـــوو دەیکـەنە سەمـا و گـــۆرانی، لـە هـەمـووی سەیـرتر هـەمـوومـان بە شـان و باڵ و ئەگـریجە و زوڵـف و گـۆنای ئاڵیدا هـەڵ دەدەیـن .. بانێـکە و دووهـەوا ئەوەمـان لـە چی و ئەمەمـان لـە چی ؟ ئەمـانە و زۆر شـتی دیـکە کە وامـــان لێـــدەکا ئیســـتێك بکـــەین .! چـیتر نەهـــێڵین بەسەرمـــاندا تێـــتپەڕ ببـــێت .

*(بەسێ بەرد حەلاڵیت .. بەسێ بەرد حەرامیت..!! )*

تـــەلاق کـە دەمـــەوێ لە بـارەیـــەوە هـــەندێـــکی لـــێ بدوێـــم و کـەمێك نیـگای ئێـوەی پـــێوە خـــەریك کـەم .. دەبـــێ چـــی وامـان لێـــبکات پابەنـدی ئـەم دەسـتەواژە فـــیرعەونییانە بـــین ؟ تـــاکەی ملـــکەچ کـــەین بـــۆ بـــڕیـــارەکانی .. تـــاکەی پیـاوی رەگـەزی مـرۆ بـە خۆیـدا ناچێتـــەوە و چـــیتر ژن نەکـــاتە دەسـکەلای دەسـتی و بـە

ئـــارەزووی حەزەکـــانی مامـــەڵەی پێوە نەکـــات و کـــڕین و فرۆشتـــنی پێـــوە نەکـــات و وەك مـــرۆیەك لـــێی بـــدوێ .. ژن و پیاو دوو رەگەزی مرۆن .. راستە جیاوازیان هەیە بەڵام وەك کەســـایەتی دوو مـــرۆی پـــڕا و پـــڕن لـــە هـــەموو دەسـتەواژەکانی بوونەوەر ، واتە پێویسـتە هـەموو مافێکیـان وەك یـەك بـۆ فەراهـەم بکرێـت.. نەهێڵـرێت لایـەکیان لاکـەی دیکەیان بەش خوراو بکات.

پیاو پشت بەستوو بە مێـژوویەکی پڕتووند و تیژی و کۆمەڵێك دین و هێز و بازوو هەموو دەسـەڵاتەکانی بۆ خۆی داناوە و ژنی کردۆتە نێچیری خۆی .. وەك باوك بەئارەزوو بە شـووی دەدا .. وەك برا هەمان دەوری باوك دەبینێتەوە کە ئەو لە ئارادا نەبوو .. وەك مێرد بە ئارەزوو مارەی دەکات هەچ کاتێ بێزار بوو تەلاقی دەدات .. وەتا چواریـش بۆی هەیـە مـارەی بکـات و بیهێنێ ، لێـرەدا چـی ماوەتـەوە بـۆ ژن ؟ هـەڵگرتنی منـاڵ نـۆ مـانگ بـە پێـستی سك .. ئەمـە بـۆ یـەك منـاڵ ! تـا گـەورە دەبێ دەبێ بیلاوێنێ و خۆی بکاتە قوربان .. بە درێـژایی کاتەکانی تەمەن لـە مـاڵ و ژنـی مـاڵ و کابـانی مـاڵ و قـاپ و قاچـاخ شـتن و گسکدان.. هتد ، پێکەنین قەدەغەیە ! بەر ئاوێنە عەیبە ! چوونە

دەرەوە تووشی هەڵەت دەکات ! بە تەنها لەگەڵ کەسدا نەڕۆی ! ئەمانە و زۆری تریش.

لێرەدا دەمەوێ وەك ژن و مافە کەمایەتییەکانی .. ئەم خاڵانە دیاری بکەم و لە سەری سوور بم تا وەك پیاو دەنگ و ڕەنگ و هاوسەنگیان بنرخێنم :

* بڕیاری تەڵاق لە دەست هەردوولادابێ نەك هەر بەدەستی پیاو بێ ؟ یا ئەگەر بدرێتە دەست ژن .. بۆ هەر دەبێ پیاو بیداتێ ؟

* بۆ دووای سێ ( عادە ) پیاو بۆی هەبێ ژنی خۆی مارەکاتەوە.. باشە بۆ بێ ئەو مەرجە چارەسەر لەلایەن هەردوولاوە نەبێ ؟

* تاکەی کچ و کوڕ قوربانی دەستی دایك و باوك بن و بە ئارەزووی حەزی خۆیان ئایندەی تەم و مژاویان بۆ دیاری بکەن ؟

هەموو ئەوە دەزانین حەز و بیرکردنەوەی ئێمە جیایە لەگەڵ منداڵەکانمان و چۆنییەتی بیرکردنەوەیان .. ئێدی بۆ واز نەهێنین بە ئارەزووی خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن یا زۆرجار کچە بە هۆی هەرچییەکەوە بێ شووناکات ! هەزارەها بالۆرەی بۆ لێدەدەن ، کوڕەش هەروەها بۆ بە




ئارەزووی خۆیان ئایندە دیاری نەکەن.. ئەمە دەبێ چ شتێکی ناڕەوای لە پشتەوە بێ وەك چاوەڕوانی دەکەن ، ئەمانە و زۆر شتی دیکە .. بۆ زیاتر بە چێژکردنی بابەتەکە لەگەڵ مامۆستا ( عارف ڕەحیم مەحموود) لە لیژنەی فتوای مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی ئەم باسەم ووروژاند .. بەهیوام شتێك دروستکا و چیتر دانەمێنین لە ئاست هیچ شتێك.. ئەمەشە وامان لێدەکات جل و بەرگەکانمان بگۆڕین و کۆمەڵێك دەستەواژەی گرنگ تایبەت بە مرۆڤایەتی بهێنینە گۆڕێ ..

* تەڵاق چی دەگەیەنێ .. دەکرێ لەو بارەیەوە شتێکم پێ بڵێی ؟

– تەنها جیابوونەوەی نێوان ژن و مێردێك دەگەیەنێ.. کە هاوسەرن پێکەوە و هیچی تر.

* ئیسلام چۆن لە پرۆسەی تەڵاق دەڕوانێ ؟

– خوای گەورە سەبارەت بە تەڵاق خۆشحاڵ نییە و قینی لێیەتی ! کەواتە لە ئیسلامدا شتێکی چاك نییە و بە خراپ لە پێنووس دەدرێ.. چونکە ئەبێتە هۆی تێکچوونی خێزانێك و لەناو بردنی خۆشەویستییەك ..

* پیاو تەڵاقی نەکردۆتە هۆکارێك بۆ بەئارەزوو بەکارهێنانی ژن؟

– پێغەمبەر ( ص ) ئەفەرمووێ ( الطلاق يتعلق بالرجال والعدة بالنساء ) مانای وایە تەلاق تایبەتە بە پیاو وئەتوانێ ژنی خۆی تەلاق بدات ، ژن ناتوانێ ئەو بڕیارە بدات ! ئەمە پێی ناوترێ بەکارهێنان (الاستغلال) ، هەروەها لە حەدیسێکی دیکەدا بەم شێوەیە ئەفەرمووێ ( انما الطلاق لمن اخذ بالساق ) تەلاق بۆ کەسێکە کە ژنی هەبێت .. ناتوانێ ژنی یەکێکی کە تەلاق بدات ، ئەمە تەنها پەیوەندی بە پیاوەوە هەیە ..

* ژن بۆ ناتوانێ ئەو بڕیارە بدات خۆ زۆرجار دەبیستین کە خوای گەورە جیاوازی لە نێو کەسەکاندا ناکات ؟

– ژن ئەتوانێ ئەو بڕیارە بدات کاتێك مێردەکەی ڕێگەی پێبدات کە لە شەرعا پێی دەڵێن ( التفريق ) ، ئەگەر پیاوەکە وتی : ( طلقي النفسك ) واتە خۆت تەلاق بدە.. ( لێرەشدا هەر دەبێ خۆی خۆ تەلاق بدات .. بۆی نییە پیاوەکە تەلاق بدات – نووسەر ) ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ ( طلقت النفسي ) واتە خۆم تەلاق دا .. لێرەدا تەلاقەکە دەکەوێ کە ژن تەلاقەکەی خست !

* تەلاق تەنها بۆ بەستنەوەی ژن و پیاوە بەیەکەوە و هیچی تر ؟

– بێگومان تەلاق چەند وتەیەکی ڕاستگۆن لە شەرعا ( تەلاق ، فیراق ، سەراح ) بۆ بەستنەوەی ژن و پیاوە بەیەکەوە ئەمەش بە ( نیکاح ) مانای بە زەواج و مارەکردن پێکەوە حەڵاڵ دەبن ، ئەم وتانە بەچی چارەسەر دەبێ یا بەچی لادەچێ ؟ وەك چۆن کردنەوەی گرێیەك بەکردنەوەی گرێکەیە .. دووبارە چارەسەری تەلاقیش کردنەوەی ئەو گرێبەندەیە ، ئەو وتەیە دێتە جێ و ئەو ژن و مێردە لەیەك جیا دەبنەوە ، ( منداڵیش با بۆخۆیان سیر بخۆن و زووڕنا لێبدەن – نووسەر ).

* زۆری تەلاق بۆچی دەگەڕێتەوە.. بەبۆچوونی ئێوە وەك لیژنەی فتوا بۆ چارەسەری کێشەکان بەپێی دین ؟

– یەکێ لە نیشانەکانی ئاخر زەمان ئەوەیە کە تەلاق زۆر ئەبێ .. ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆچی ؟ حیکمەتەکەی لەچیدایە ؟ یەکیان زۆربوونی ئافرەتە، دووەمیان ڕێزدانەنانە بۆ ئافرەت لە لایەن پیاوەوە .. چونکە ژن بەشتێکی سووك و سانا سەیر ئەکات، ( لێرەدا کێشەکەی لە کوڵی دین کردەوە و دایەوە بەسەری پیاودا کە بەسووك لە ژن دەڕوانێ .. ئەی کێ وای لە پیاو کردووە وا بکا .. وا بڕوانێ ! پیاوو ئاگاداربە.. نووسەر).

* زۆربوونی ژنیش بێ هۆکار نییە.. بێگومان شتێکی کەی لە پشتەوەیە ؟

– پێغەمبەر ( ص ) ئەفەرمووێ : دنیا بەرەو کۆتایی ئەڕوا.. ژن زۆر ئەبێ و پیاو کەم ئەبێ ، بەهۆی شەڕ و کوشتارەوە لەناو ئەچێت، خەڵکانێکیش بێزارن لە ژنهێنان، بۆ نموونە ئەڕوا بۆ هەندەران و بە خەیاڵیا نایەت .. هەیە هەر دائەنیشێت و حەزی بەلای ژندا ناچێت ، ( لەخۆشیا حەزی بەلای ژندا ناچێت ؟! ئەگەر کێشەیەکی گەورەی نەبێت.. نووسەر ) لە فەرموودەیەکی دیکەدا ئەفەرمووێ : پەنجا ژن پیاوێکی دەست ئەکەوێ ، ( ئەمە تا چەند راستە و رێی تێدەچێت و تەنانەت پێشبینیش ناکرێت.. نووسەر) ئیتر نازانم ئەو رۆژە کەی دێت!

* ئیمامەکان چۆن تەلاق هەڵدەسەنگێنن و لێی دەڕوانن ؟

– جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا بۆ نموونە لە مەزهەبی ( شافیعیا ) کابرا ئەگەر وتی ( علية الطلاق و بالطلاق و يلزموني سريح والا معتمد ) واتە تەلاقم کەوتبێ یان تەلاق لەسەرم لازم بگەڕێ .. ئەوە ئەکەوێ ، وە لە مەزهەبی ( حەنەفییا ) ئەفەرمووێ ( يجب الاضافة الطلاق الى المراتي ) واتە دەبێ بڵێ تەلاقی فاتمە کە خێزانمە بکەوێ .. نەك بڵێ تەلاقم کەوتبێ .. بەمە ناکەوێ !

* دینەکانی دیکە وەك زانیاریتان هەبێ چۆن لەم دەستەواژەیە دەڕوانن ؟

– چۆن جیاوازی مەزهەب هەیە لە نێوان ( حەنەفی و مالیکی و شافیعیا) لە ناو دینەکانیشا جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا ( الاختلاف الاديان ) هەیە ، ئێمە شارەزای ئەوان نین و ئاگامان لێیان نییە و هیچ تێکەڵییەکمان نییە..

* ئەگەر تەلاق نەبێ چ بەدیلێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە ؟

– هیچ هێزێك نییە ژن و مێرد لە یەك جیا بکاتەوە جگە وشەی تەلاق نەبێ ، وەك چۆن هیچ وتەیەك و سیغەیەك نییە ئافرەت بۆ پیاو حەڵاڵ کا جگە نیکاح و تەزویج نەبێ ، بەڵام شەرتی تریش هەیە بۆ نموونە ( فەسخ ) فەسخی نیکاح هەیە .. ئەگەر ئەو پیاوە مارەیی نەبوو .. نەفەقەی نەکێشا .. ئەوە ژنە بەبێ تەلاق ئەتوانێ بچێتە لای قازی ( فەسخی نیکاحی ) خۆی بکا .. یا پیاوەکەش تەلاقی نەدا .. ( ژن ئەگەر خاوەنی خوودی خۆی بێ چ گەرەکییەتی پیاو مارەیی یا نەفەقەی بداتێ یا نەداتێ .. ئەو کاتە دەبێتە شتێکی بێبایەخ .. نووسەر ) .

* زۆرجار لێرە و لەوێ بیستوومە فلانە پیاو نەرەشێرانە سێبەسێی پێداداوە .. کەچی لە هەمان کاتدا دادوەر بۆی هەیە ئەم بڕیارە بدات ! بێئەوەی پیاوە ئازاکەمان رەزامەند بێت ؟

########

– تەڵاقی رق هەڵساو بە پێی دینی ئیسلام و مەزهەبی شافیعی سێبەشە : دووبەشیان کابرای رق هەڵساو تەڵاقی ئەکەوێ .. بەشی سێهەمی تەڵاقی ناکەوێ لە رق هەڵسانا ! ئەمە چییە ؟ شەرع ئەفەرمووێ ئەو مرۆڤە بگاتە ئاستێك وەك شێتێك کە نازانێ چی وتووە پێش کاتژمێرێك .. ئەو پیاوەش کە نازانێ چی وتووە تەڵاقەکەی ناکەوێ ! ئەگەر گەشتە دادگاش دادوەر تەفریق ئەکا ، پێغەمبەریش ( ص ) لەم بارەیەوە ئەفەرمووێ :( انما الطلاق ولمن اخذ نساق ) واتە تەڵاقی ژن بۆ کەسێك کە بیخات کە خۆی لە ژێر نیکاحیا بێت کەواتە ( لا يطلق الرجل زوجة الابنة ) شەرع ئەفەرمووێ : باوك ناتوانێ ژنی کوڕەکەی تەڵاق بدا .. مەگەر کێشەکە بگاتە ئەو ئاستەی کە پیاوەکە نەفەقەی ژنەکەی نەبێ یا مارەییەکەی نەدا .. قازی سێ رۆژی بۆ دائەنێ دووای ئەو ماوەیە کە وەك خۆی مایەوە قازی ( فەسخی نیکاحەکەی ) بۆ ئەکا و تەفریقەکەی بۆ ئەکا بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە ..

تۆش دەکرێ ئەم پرسیارانە لە خۆتا بەرجەستە بکەیت .. ئەمەشە هانمان دەدات گۆشەنیگایەکی نووێ بهێنیتە ئارا و ژینگەیەکی لە ئێستا باشتر ببەخشینە ئایندەمان .


www.dengekan.com

ناوازە دەکا، لێرە وایە لەوانەیە زاواش نەناسراو بێ، هەر چەندە جێگەی دڵخۆشییە ئێستا گۆشەنیگاکان گۆڕاون .. کچ و کوڕ تا نەگەنە بڕوا ئەو بەڵێنە نادەن.

بووك و زاوا دوو کەسایەتی جیاوازن خاوەن دوو جیهانبینی جیا ، کاتێ ئەو بڕیارە دەدەن دەبێ و پێویستە لە سەریان لە زۆر شتی خۆیان ببوورێن لە پێناو هەڵکردنیان لەگەڵ یەکدا .. ڕێز و خۆشەویستی و فیداکاری لەگەڵ یەك دەبێتە مایەی کامەرانی هەمیشەیی بۆ هەردوولا ..

بووك بە حوکمی ئەوەی زۆربەی کات لەبەر باری ئابووری لەگەڵ ماڵی خەسوو خەزووریدا دەژی .. زۆرجار ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ دش و خەسوویدا .. ئەم تازە بووکە بە گەلێ خەونی ئەرخەوانییەوە ئەم کووخە جووانەی پێکەوە ناوە .. بێگومان خۆشی بە خاوەنی دەزانێ ، لەولاوەش خەسووش کە لەو ماڵەدا زۆرینەی تەمەنی بەڕێکردووە خۆی بەگەورە و خاوەن ماڵ دەزانێ ، لەبەر ئەوە دڵفراوان نەبن تووشی کێشە و گیروگرفت دەبنەوە، ئەوەش





## بووك ..

کاتێ بووك بە ماڵی نوێی ئاشنا دەبێ .. بەخەرمانەیەك خەونەوە پێشوازی لە کۆمەڵێ کەسی


www.dengekan.com

راسته که مرۆڤ چوو به تەمەندا بڕوای به خۆیەتی و له قسەکانی خۆی هەرگیز پەشیمان نییه.. ئەگەر هەڵەش نەبێ !! کچیش دەکەوێته ژێر کاریگەری دایکەوە .. لێرەدا بووك تەنها باڵ دەمێنێتەوە بۆیه زۆرجار لێره و لەوێ دەبیستین که بووك و خەسوو دانوویان ناکوڵێ و هەمیشه ناوو ناتۆره له یەکدی دەنێن و لەملا و لەولا باسی یەکتر دەکەن و دەبنه شەوچەره و قسه و قسەڵۆکی پیاوانی چایخانه و سەر سووچ و کۆڵانەکان ، کێ ئەتوانێ ئەم شەڕه هێوور کاتەوه ؟ بێگومان به دوو ڕێگا : یەکیان زاوایه که له نێوان هەردوولا ڕۆڵ دەبینێ .. جارێ وەك کوڕ جارێ وەك زاوا ، دەبێ هاوسەنگی هەردوولا ڕاگرێ نه پشتی بووکێ نه پشتی دایك و خوشکەکانی بگرێ .. کێ ڕاست بوو لایەنی بگرێ و ئەملاش بەرەو ڕاست بەرێ .. نەهێڵێ پارسەنگی هەردوولا تێکبچێ ، لەلایەکی دیکەشەوه هەوڵی جدی بدرێ بۆ جیابوونەوه لەو خانووه و ماڵێکی سەربەخۆ پێکەوه بنێن .. بەمەش دەتوانن وەك





کورد واتەنی ( دوور و دۆست ) خۆشگوزەرانی دابین بکەن بەیەکەوه و بێ یەك هەڵنەکەن..

##########

ئێمەی مرۆ خاوەن یەك هەست و سۆزین .. تەنها بیرکردنەوە لە بوونەوەرەکانی دیکە جوودامان دەکاتەوە ، سەیر لەوەدایە هێشتا پۆشاکی سەرەتاکانمان لە خۆمان دانەدڕیوە و یەکدی قبووڵ ناکەین ! هۆکاریش خۆمانین کێشەکان دەچێنین .. هەر خۆشمان دەبینە نێچیری هەڵەکانمان ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تا چەند ئاشناین بە دنیای بیرکردنەوە و ئایدیای پێشکەوتنخوازانەی سەردەمی ئەمڕۆ ، لێرەوە لەم چەمکە کۆمەڵایەتییە دەدوێم کە لێرەی رۆژهەڵات زۆر بە زەقی دەبینرێ و رۆژانە نوێ دەبێتەوە .. ئەویش (باوە ژن و باوە پیارە) یە ( باوەژن ) بەو ژنە دەڵێن کە دەبێتە هاوسەری پیاوێك منداڵی هەیە و ئەم دەبێتە باوەژنیان ، ( باوەپیارە ) ش بەو پیاوە دەڵێن کە دەبێتە هاوسەری ژنێك کە منداڵی هەیە و ئەم دەبێتە باوە پیارەیان ، لە کاتێکدا ژن ئەم پرۆسەی هاوسەرگیرییە پێکدێنێت یا تەمەنی بەسەرچووە و دەیەوێت رزگاری بێت لە قسە و

# باوەژن و باوە پیارە


www.dengekan.com

قسـەڵۆکـی دەوروبـەر کە لـێرە باوە و هـەزار و یـەك پلار و تەشـــەنەی دەخـــەنە دووا ، یــا کــابرا دەوڵـــەمەندە و ئەمیـــش بە کێشـــەی هـــەژارییەوە دەتـــلێتەوە .. تـا ئێـــستا هەرچـی خەونـی هەیە لـە دەســـت چـووە ! دەیـــەوێت لــەم رێیـــەوە بە دەســـتی بهێنێتـــەوە .. یـا زۆری کــەس و کــار کە هێـــشتا لـێرە هــەر مــاوە و چـەندیـــن هـــیوا و ئـــارەزووی ئـــەو کەســـەیان نــغرۆکــردووە یـا هەنـدێ هــۆکاری دیـکە ، بە هەمــان شـــێوە پیـاویـش لای ئێمـــە گـەر پـارەی هـــەبوو یـا هاوســـەری مـــردبوو یـــا جیـابـبـــۆوە بـڕیـــاری هاوســـەرگیری نوێـــدەدات ، ئەمـە وەك کـــردەیەك .. ئـەی دەبێت کاردانەوەکـانی چـۆن بێت ؟ کـاتێك مـــندالی ئـەم دوو لایـــەنە وردبێت لــە بێگـــەردی بـــەولاوە هـــیچی دیـــکەی لـێناوەشـــێتەوە .. گــــوناهە لەگـــەڵ ئـــەو بونـــــەوەرەدا بەشـــــەڕبێی یـــا دژایـــــەتی بکـــــەیت ، هــەرچــــەندە پێـــش ئەنجامـــدانی پرۆســـەکە کۆمـــەڵێك بەڵـــێنی بـێ بنەمـــا دەدرێت وەك : مـــــندالی تـــۆ وەك منـــدالی مـن وایـــە ، بـــەلام لـــە پاشـــدا وەك دڕك لێـــی دەڕوانـــێ .. کە هەمیشـــە لە ئـان و ســـاتدایە و دەچـــێت بە پـێیدا ! بـۆیە بە چاوێـــکی قێـــزەون لێـی دەڕوانـــێت ، بەلام کـــاتێك مـــندالێ گـــەورە بێـــت خۆیـــان بە خـــاوەن هەڵـویێســـت دەزانـن و پێیـــان ناخۆشـــە ژنێـکی دیکــە جـێی دایکیـان بگرێتـــەوە یـا جێی باوکـیان ، ئەمــان وەك منـــداڵە بچـــووکەکە رەفتـــار ناکـــەن ! بەڵـــکو هەمیـــشە دژایـــەتی دەکـەن .. بەرامبـــەریش دەســـتی هـــەبێت ســـــەریان لێـــــدەکاتەوە ، لەبـــەر ئـــەوەی هەرچـــــییەك دەڵـــێت ئەمـــان بە پێـــچەوانەوە رەفتـار دەکەن .. وەنەبـێت هـەردوو لایـەنی پەیوەندیـــدار هەســـت بـەوە بکـــەن کـە تەمەنێـــکیان ســـەرف کــــردووە و لــە ئــەزموونی ژییـــان شـــارەزان .. دەتـــوانن بە شـــێوەیەکی هۆشـیارانە مامەڵـــەیان لەگـــەڵـدا بکـەن ، بـــەلام لەبـــەر ئەوەی ئەمــانیش کەمهـــۆشن لــــەوان خراپـــتر هەڵـس و کەوت دەکەن ، لە هەمـــووی خراپـــتر ژنە و پیـــاوە دەچـنە لای یەك و هـانی بەرامـــبەرەکانیان دەدەن دژی منـــداڵەکان ، زۆرجـــار ئـەم هەڵـویێســـتە زۆرخـــراپ کەوتـــــۆتەوە و بووەتـــە هـــۆی سەرلێـــشێوانی مـندالەکان ، ئەمەشـــە دەنـــگۆی گەشـــتووەتە نێـــو خـــەڵك و هـەردووکـــیانی ناشـــرین کـــردووە .. هەســتی گـــەلێك هـونـــەرمەند و

نووســـەری وروژانـــدووە و گەلـــێك شـــاکاری ئەدەبـــی و هونـــەری لێکـــەوتـــوّتەوە ، ئـــەم جـــوّرە هەڵـــس و کەوتـــانەش لە کاتێـکدا کە منداڵـەکان بـاوك یان دایـکی خۆیـان نەمـابێت روو دەدەن ، بـــەلاّم گـــەر مـابن ئـــەوە کێـشەکە بەجـۆرێکی دیکە دەشـکێتەوە، منـداڵـەکان دەبنــە هاوپشـتی دایکیـان بـە حـوکمی ئـەوەی زۆرینـەی کـات پێکـــەوەن .. لەگـــەڵ یەکـــدا بەهـــەموو شێـــوەیەك دژایـــەتی ژنـــە تـــازەکە دەکـەن .. ئەمـــەش تەنـــها بـۆ مەبەســتی ئـەوەی ســـەرنجی باوکیـــان بـــۆ خۆیـــان رابکێـــشنەوە و واز لـــەو ژنـــە بهێنێـــت ! بـــۆ ئـــەم مەبەســتەش چەنـــدین پیـــلان دروســـت دەکـــەن و چەکـــرەی تـــاوان ســـەر دەردێنێـــت کە بۆ یەکدی دەنێنەوە ، بەلاّم ئەگـــەر ژن و پیـــاو هۆشیـــار بـــن دەزانـــن چـۆن مامـــەڵە لەگـەڵ منداڵــەکان دەکـــەن ، یەکێـــك لەوانـــە بەپـەرۆش بـوونە بـــۆ خەمەکـــانیان .. ئەمـــەش وایـــان لێـــدەکات بەخۆیـــاندا بچنـــەوە و بگـــەنە ئـەو بڕوایـــەی کـــە ئەو کەســـە بـــەو شـــێوەیە ناشـــرین نییـــە کـــە ئـــەوان وایـــان بینیـــوە , لەلایـــەکی دیـــکە ئەگـــەر کۆمـــەڵگا بگـــاتە ئـــەو ئاســـتەی ژییـــانی تـــاك دابـــین بکـــات و





سیستەمی ئـــازادی پەیـــڕەو بکـــات .. کە ئەمـــەش هـــاتە گـــۆڕێ کەســـەکـــان بەکـاری خۆیـــانەوە خەریـــك دەبـــن و هێنـــدە ماوەیـــان نامـێنێتـــەوە شـــوێن کێشـــەی دایکـیـــان یـــا.. باوکـیان بکـەون ، گـــەر ئەمانـــەش هاتنـــە گـــۆڕێ هەمـــوو خێزانـــەکان دەگـــەنە مەبەســـت و ماڵێکـــی ئـــاوەدان و روو بەخـــەنـــدە و ئاســـوودە پێکدەهـــێنن، گەشـــتن بـــەو حەقیقـــەتەشە تـــام و چـــێژی ژیانمـــان لا جـــوانتر دەکـــات....

#######

# فــره پــیاوی ..

لــه دوێنێـــدا دیـن بـه کۆمـــــەڵێك مـــــەرج فـــره ژنـی دانپیادانـــا .. واتا بـه یاســـایی بوونـــی ئـەو بێ سـەر و بەرییـــەی کەلــه و ســــەردەمەدا پیادەدەکـــرا هــەر لـــه حەلاڵبــوونی کەنیــزەك و ئەو دیــلانەی له جەنگـــەکاندا بــه دەستیــان دەهـێنا .. لەســـەر و ئەوانەشـــەوە بێـــسنووری چەنـــــدین ژن لەگـــــەڵ پیاوێـــکدا ، ئـــەم نامــــــرۆییه چەنـــدین کێـــشەی کۆمـــەڵایەتی و تـــاوان و تەندروســـتی لێکـــەوتۆتەوه ، له نێــو ئەم پاشاگـــەردانییەشـــدا منـــدالآن بوونـــەتە قـــوربانی ســــەرەکی ، بەیاســـایی بوونـــی ئـــەم رەوشـــە لـــەو زۆر و بۆرییـــەوە بـــۆ سنـــورداركـــردنی چــــوار ژن به پێـــی چــەند مەرجێــك که پیـــاو بــۆی بــووه تا چــــوار ژن بــــخوازێت..

 

لــــەوانەیە بەشــــێوەیەك لــە شـــــێوەکان چارەســــەر بووبێــــت بـۆ ئــــەو زەمەنــە .. بــەڵام ئەمــــڕۆ لەســــەدەی تەکنــــەلۆژیادا ڕێــدەکەین ، مرۆڤـــەکان هۆشــیارن دەزانـــن ســــنووری دەســــەڵاتیان تــــا چ رادەیـــــەکە ، هەمـــوو کــاردەکـــەن و دەتــوانن بـــژێوی ژیـــانیان تـا رادەیــــەك دابـــین بکـــەن .. چاوەڕوانـــی قـــەدەر ناکـــەن تـــا لـــە دەسـتی پیـــاوانەوە قــوڕەی سکـــیان هێـــورکەنەوە ، کـــە تـــۆش بوویتـــە خـــاوەن بـــژێوی ژیـــانت چـــاوەنۆڕی دەســـتی بەرانبـــەر نابیـــت ، واتـــا پشـــتت بـە خـــۆت بەســـت و بوویتـــە خـــاوەن دەســـەڵات ، ئیـــدی چیـــدی پێـــت قبوڵـــناکرێت تـــۆ و چەنـــدین مێینـــەی وەکــو تۆ ببنــە کــۆیللەی تەنــها پیاوێــك ! راســـتە ژیـــان وادەکـــات هەمــوو مـــرۆڤێك بە دوای تاکــەکـــەی خۆیـــدا بگــەڕێت .. ئەمــە پێویســتییەکە و گــەرەکە تێــر بکــرێت .. کە لێیـــەوە دونیایــــەکی جــــوان و بێـــگەرد و تۆکمـــە و هیـــوادار سەرهەڵـــدەدات ، ئەمــــەش نابێـــت بکـــرێتە ئـــەوەی مـــن تـــۆ داگـــیر بکـــەم یـــان بـــە پێچـــەوانەوە ! چونـــکە ئەمـــە لـــە چـــوار چێـــوەی تونـــد و تیـــژیدا خـــۆی دەبینێتـــەوە ، کـــە مـــن دەســـەڵاتـــداربم ئیـــدی دەبێـــت هەمـــوو شتێـــك بـۆمـــن






بێت ، باشــە پیــاوان پێیــان قبــوڵە فــرەژنی هــەبێت لەبــەر ئـــەوەی دەســــەڵاتدارن .. ئـــەی ئەگـــەر ئـــەم دەســــەڵاتە گواســـترایەوە بـــۆ ڕەگـــەزی بەرانبـــەریان .. پێیـــان قبـــوڵە فـــرەپیـــاوی ســـەرهەڵبـــدات و لەبـــەر دیـــدەی ئەوانـــدا ژنەکـــانیان ئاوێـــزانی پیاوانـــی دیـــکە بن ؟! بێگـــومان بـــە سوکایـــەتی و کۆمـــەڵێك تەنـــگژەی کۆمـــەڵایەتی لـــە پێنووســـی دەدەن ، ئـــەم کـــردەیە بەهـــەردوو شـــێواز لـــە نێـــو ئاژەڵانـــدا پیـــادە دەکرێ لەبـــەر ئەوەی هـــۆش ونـــە پەیوەســـت نیـــن یا لێـــکدانەوەیان نیە بۆ هیـــچ سانســـۆرێك تەنهـــا بوونـــی هـــێز نەبێـــت !! هـــەر هـــەمان هـــێزە لـــە نـــێو مـــرۆڤدا پیـــاوان بـــە کـــاری دەهـــێنن بـــۆ لـــە خشـــتە بردنی کەســـی بێدەســـەڵات .. زەمـــەنی کۆیـــلایەتیـــش وەك نمونـــەیەکی بەرچـــاو ، واتە ئێمـــە هێـــشتا ئـــەم بەرگـــەمان لــــە خۆمــــان دانەمــــاڵیوە بۆیــــە ســــوورین لەســــەر مــــانەوەی و پێویـــستە ئەوەشـــمان پیێ قـــبولْ بێت کـــە فـــرە پیـــاوی بێتە ئـــاراوە چونـــکە ئەمێـــستا ژنانیـــش وەك پیـــاوان دەســـەڵاتدارن و خـــاوەن هـــێزن و سەرمـــایەیەکی زۆریـــان لەبـــەر دەســـتدایە !؟

ئێمە دەتــــوانین بگــەڕێینەوە بـۆ نێـو خـودی مرۆڤــانەی خۆمــان و مرۆڤــانە ڕەفتــار بکــەین و دونیــایەکی جــوان ببەخشینە کەســانی بەرانبــەرمان کــە دەزانـــین ئەوانیـــش دەیبەخـــشن بە ئێمــــە ، ئــەم لێگــەیشتنەشــە ئــەو دونیــا جـــوانە دێنێتــــە ئارا کە سەرجــــەم توێژەکـــان تەندروســـتانە سەمـــای ئاڵ و هیـــوای بەبڕشـــت و تـــوانا و هـــێزی لــە بن نەهــاتوو دێننـــە ئارا ، ئەگـــەر بە پێچــەوانەشــەوە بــوو واتــە ئــەوەی مــن بەخـــشیم و نەمــدورییەوە واتـــا مــنی ناوێــت .. یــا ئـەو ئــەوەی بەخشــی بەمــن و مــن وەلأمــم نەبـــوو بــۆی واتـــا ئەوم ناوێــت ! ئێــدی دەتـــوانن زۆر بەئاســـایی بڕیـــار بـــدەن و لـــە یەکـــدی جـــودا ببنـــەوە و بــەدووی ئـــەو کەســـــەدا بگـــەڕێن کـــە دڵ و هۆشـــیان خــــوازیارێتی ، کـــە بـــەم شێوەیـــەش بـــیر کــــرایەوە دەتـــــوانرێ بــڕیارێـــکی تەندروستیـــش بــدرێ لەمـــەڕ چارەنـــووسی ئەو منـــداڵانــەی کــە لــە و نێــوەدان ، ئەمــە مامــەڵەیەکــی مرۆڤــانەیە و دەتــوانین پیــادەی بکـــەین بێئـــەوەی هیـــچ یەکێکمـــان مـــافی ئـــەوی دیکـــەمان بخۆیـــن .. ڕاســـتە ئێمـــە لـــە نێـــو تەنگژەیـــەکدا دەژیـــن کـــە هەمـــوو شتێکـــمان دەبێـــت بـــە دڵـــی



گـــەورە و کــەلتوور و دیــن بێــت بەڵام بــۆ ژیــانی خــۆم بکـــەم بەقـــوربانی دەوروبــەر ؟ بــا ئــەو ڕاســتییەشــمان لــە یــاد نەچــێت تاکـــەکان پێکـــەوە جــوانن .. بــێ ســەمای یەکـدی هــیچ شــتێك نە تــام نە بــۆنی نییــە .. پێکــەوە دەتــوانن هەمــوو شــتێك بکــەن و دونیـــایەکی ئــاڵ و گــەشەدار ببــەخشنە نەوەکــانی ئاینــدە ، بـــەڵام بەکــەم زانینــی ئــەم دووانــە بە یەکـــدی بە تێڕوانینـــی هێــزی لایەکــیان پۆشـــاکی مرۆڤــانەیان لـــە دەســـت دەدەن و هەیبـــەتی مرۆڤــــایەتی لــــە کــــەدار دەکـەن و هەمیـــشە دەبێـــت بە دووی چـــارەدا بگــــەڕێن بــــۆ کێشـــەیەك کـــە لـــە ناوەخـــنی خۆیـــاندا ســــەری هەڵـــداوە ...

تێبینی: بەیاسایی بوونی چوار ژن مەبەست لە دەقێکی قورعانە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.



#########


www.dengekan.com

# سەر بە هەوێ ..

خەمـــەکانی ژن زۆرن هـــەرچـەند لێـی بدوێیـن لـە کەمــبوون نایــەن ، بــاوك ســالاری بــووەتە بنــەچە بــۆ دەرد و مەینـــەتییەکان ، ژن وایلێـــهاتووە نێچـــیرێکی بەتــام و چێــژبن بــۆ پیــاو و چــەندییـان لــێ بخــۆن تێــر نەبــن ..

بـــەڵام بــە پێچـــەوانەی ئەمـــەوە قەدەغـــــەیە لێـــی بدوێیـــن ! یەکـــسەر رووبـــوڕووی گەورەتـــرین چەمـــکمان دەکـــەنەوە کـــە ( شـــەرەفە ) کـە خۆیـــان دروســـتکەر و بنیاتنـــەرین ! بـــەڵام ئەمـــە بێشـــەرەفی نییـــە کـە خۆیـــان چەنـد ژنیـــان بووێـــــت ئاســـاییە و حـــەڵاڵە ! جـــگە لـــەوە چەنـــدین هاوپێـــچی دۆسـتیـــش هـــەبێت دیـــسانەوە هـــەر ئاســـاییە ، بـــەڵام ژن تـــەنها یـــەك پـــەردەی هـــەیە و دەبێـــت هـــەر یـــەك پیـــاو خـــاوەنی بێـــت !! جگـــە لـــەوە تـــاوانی زینـــایە و لـــە ئاســـمانەوە فـــەرمانی لـــەسەر دراوە ..

یەکـــێك لـــەو دەســـتەواژانەی کـــە دەمـــەوێ لێـــی بـــدوێم چەمـــکی ( ســـەر بە هـــەوێ ) یـــە واتـــە ژنێـــك ئەگـــەر ژنێـــکی تـــری بەســـەردا بێـت دەبنـــە هـــەوێی یـــەك ! مـــرۆڤ خـــاوەنی یـــەك کەســـایەتی و هـــزر و بـــیر و بۆچـــوونە .. بـــەڵام لـــەم جـــۆرە کـــۆمەڵـــگایانـــەدا یـــەك بـــە دووە و یـــەك بە ســـێیە و یەك بە چـــوار و زیـــاتریشە ! کـــاتێ هەســـت بەم جیاوازییـــانە دەکـــەیت قێـــز لـــە بـــوونی خۆشـــت دەکـــەیتەوە .. لـــێرە واتە لـــە رۆژهـــەڵات شـــتێکی ئاســـاییە و رۆژانـــە نـــووێ دەبێتـــەوە ، یـــا دەچـــن دەیـــان





گـــۆڕن ! هـــەر بێـــزاربوو لـــەمیان وازی لـــێ دێنێ و دەچـــێت یەکێکـــی لـــۆك دەهـــێنێت ، لـــێرەدا پرســـیارێك ســـەر دەردێنێـــت : بـــۆ شـــووی پێـــدەکەن کـــە ســـوور دەزانـــن ژنـــی دیکـــەی هـــەیە یـــا وازی لـــێ هـــێناوە !؟ بێگـــومان ئـــــەم جـــــۆرە پیـــــاوانە خـــــاڵی لاوازی ئـــەو خـــێزانەی خوێندۆتـــەوە کـــە پێویســـتییان بـــە چییـــە .. ئـــەم بـــەو چەمـــکە دەچـــێتە پێشـــەوە ، لـــە روویەکـــی دیکـــەشەوە لەوانـــــەیە ئافـــرەتەکە بـــە مەبەســـــتەوە ئـــەو داوایـــە جێبـــەجێ بکـــات و خـــۆی بکـــاتە نێچـــیر لـــە پێنـــاو بەدەســـــتهێنانی خەونـــــەکانیدا کـــــە لـــــەوەو پێـــش بـــە خەونیـــش پێیـــان نەگـــەیشتووە ..

ئـــەو کێـــشە دەروونیـــانەی رووبـــەڕووی ئـــەو هـــەوێیانە دەبێتـــــەوە لەوانـــــەیە تـــۆ تەنـــــها ئـــــەو کاتـــانە گـــوێت لێیـــان بێـــت کـــە تیتکـــی یەکتـــری دەگـــرن و قیـــژە قیـــژ و زریـــکەی منـــداڵ بـــەرز دەبێتـــەوە .. بـــا تـــاوێك بـــە کامێـــرایەك بچینــــە نێـــوانیان و بـــــزانین چ باســــە ؟ کـــاتێك ژنـــە تەنهـــایە لەوانـــەیە شـــتێکی وەهـــا نەبـــێت پیـــاوە بیکـــاتە کـــێشە .. چـــونکە مـــرۆڤ دەتـــوانێت بـــە زەردەخـــەنە هـــەموو بۆشـــاییەکانی ژییـــانی پـــڕ بـــکاتەوە

، کاتێك کە باسی ژنهێنان دەکات بە هەموو شێوازێك هەوڵدەدات ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام نەگات .. رۆژانە بەرگی نوویٚ و خۆڕازاندنەوە و خواردنی بە چێژ و قسەی خۆش بەکار دێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوە ، بەڵام کە هەر سوور دەبێت لە سەری ئینجا کێشە دروست دەبێت ..بە بۆڵە بۆڵ و ماڵ جێهێشتن و لە منداڵدان و شت شکاندن و تا دووایی ، کە ژنە نوویێیەکە دێتە سەر ماڵ ئەم دۆش دادەمێنێت و دەست دێنێت بە سەری منداڵەکانیدا و دەیانلاوێنێتەوە و فرمێسکیش دەڕێژێت ، ئەم ئاهوو سکالاٚیانە کۆدەبنەوە لای ژنی یەکەم و دەتەقنەوە بە روو ژنی دووهەمدا .. چونکە زۆری کرد بە پیاوەکە و نەگەشتە ئامانج ناچار دەردی دڵی خۆی هەموو بە ژنە دەردەبڕێت بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە پیاوە نایەت بەلای ئەمدا و لە منداڵەکانی ناپرسێتەوە .. هەمیشە لەلای ئەوە و بە بەژن و بالاٚی ئەودا هەڵدەدات ، ژنی دووهەمیش بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەویش ژنە و هاوڕەگەزیەتی .. دەچێت هێندەی دیکە نازی

مێردەکەی دەکێشێت دژی ژنی یەکەم و هانی دەدات کە مۆڕەی لێدەکات و ناهێڵێت بە ئازادی هەڵسووکەوت بکات و منداڵەکانی بێزاری دەکات و ناهێڵن بحەوێتەوە ، بەمەش ئاگری شەڕ سەر دەردێنیٚ و رۆژ لە دووای رۆژ بە گژ داچوونەوەکان روو لە زیادبوون دەکەن .. وایلێدێت ئەم کراسێك دەکات ئەویش دەیکات ، ئەم منداڵی دەبێت .. دەبێت ئەویش بیبێت ، ئەم دەچێت بۆ ماڵی باوکی .. دەبێت ئەمیش بچێت و تا دووایی ئەمانە و زۆر شتی دیکە ، باشە ئەگەر ئێمە بزانین بە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە کێشەمان بۆ دروست دەبێت با بە شێوەیەکی دیکە چارەسەر بۆ کێشەکانمان بدۆزینەوە .. لەگەڵ ئەو ئافرەتە ناگونجێیت یا لەگەڵ ئەو پیاوە ناگەنە ئەنجام با ئاسایی بێت جیابوونەوە !! وەك چۆن دەتوانێت ژن بهێنیتەوە .. بۆ ئەویش رەوابێت شوو بکاتەوە و بە ناوو ناتۆرە و قسە و قسەڵۆك ژیانییان لیٚ تاڵ نەکەین و چەمکی شەرەف نەکەینە چەکووش بۆ سەرکووتکردنی یان کووشتنی خەونەکانیان ، با هەموو پێکەوە لەسەر ئازادییەکانی

**یەكـدی پێكبێیـــن و چێــژ و خۆشــی ژییــان بــۆ هەمــوو لایــەك دەســتەبەر بكــەین .. بەمــەش دەتــوانین بنـــەمای ژینێـــكی كامــەران بە دەســـت بهێنیـــن ..**

############

كۆمەڵە وتار

مێ و خواستە خەفەكراوەكانی خود

یوسف خەلیل

# سۆزێ ..
# بۆ رۆژی پەری



www.dengekan.com

بەیانیت باش
ئەمە تیشك بوو لە شوشەی پەنجەرەوە
خۆی کرد بە هەستمدا و ..
سیمای جووانی ژینی لا نویٚ کردمەوە ؟
نا ماچی تۆ بوو ..
لەگەڵ سرووەی بەیاندا وەخەبەری هێنام
بە هەشتیٚ لە حەز و ..
دونیایە لە بێگەردی..
بەخشییە سپێدەیەکی روون
بە ماڵی ئاڵ و جەستەیەکی بیمار..

مانگی ئازار ژانی لە دایك بوونە بۆ چاوهەڵهێنانی کۆمەڵێك چەپکە گووڵ ، کە هەر یەکەی رۆژە ڕێیەك بۆنی هەمە چەشنەی وەنەوشـەکانی ڕێبـواری تامـەزرۆ .. سەرسـام دەکـات ، کـە هەریەکەیان شوناسێکی تایبەتمەند بە خۆی هەیە لە کۆمەڵێك دەسـتەواژەی گـرنگ دەدوێـت و یادەوەرییـەکی گڵکـۆ بـە سەرەتاکانی ئەو چین و توێژە لە خۆی دەگرێت و هەموو ساڵێك لەو رۆژەدا بە پێشینەی خۆیاندا دەچنەوە و هەوڵدەدەن گۆڕان لە خۆیاندا بهێننە ئارا و خۆیان ئامادە بکەن بە کار و چالاکی دیکە کە خزمەت بە رەوتی خۆیان و گەشەسەندنێك ببەخشنە کۆمەڵگە ..



ژنانیش یـەکێکن لـەو مرۆڤـە هەسـت ناسـکانەی دنیا ..کـە ستەمی رۆژگار و نەهامەتییەکانی مێژوو چەواشەی کردوون و بەرەو ناهاوسەنگی بەڕێی کردوون ، هەمیشەش لەو کاتەوەی بە خــۆدا هاتوونەتــەوە و دەیانــەوێت بــە هــەوڵ و کۆشــش و قوربانیـدان داکـۆکی لـە خۆیـان بکـەن و هـەوڵی سەرەکیشـیان ئەوەیە وەك چینەکەی بەرامبەریان خۆیان هاوسەنگ بکەنەوە و هەمان مافی یاساییان پێبدرێتەوە ..

هەشـتی ئـازار ئـەو رۆژەیـە کـە ژنـان دیارییـان کـردووە بـۆ خۆیان کە تیایدا ستەمکاری کراوە بەرامبەر ژنانی زەحمەتکێش لە پێناو سووربوون لەسەر بەرجەستەکردنی مافەکانیان .. بۆ رێزلێنــان لــەو کەســانە و بــەڵێن بەیەکدانــەوە و پــەیمان تازەکردنەوە .. ئەم رۆژەیـان کـردە وێستگەیەگ بـۆ خۆیـان و تیایدا کۆمەڵێك چالاکی دێننە ئارا و پیرۆزبایی لە یەکدی دەکەن واتە جەژنێکە بۆ ژن ..

ژن هەر دەمامکێك نییە .. هەر خوانێکی رازاوە نییە ! بەڵکو بونەوەرێکە لە هەست و نەست پێکهاتووە و تەنگژەکانی ژیان کاری تێدەکات ، پیاو لەوانەیە لەگەڵ بادا شەڕ بکات ، بەڵام ژن

وەك چرۆ ناسكە گەر هاوكاریان نەبین و رێگەیان بۆ خۆش نەكەین لەوانەیە هەستیان بریندار ببێت ، لە هەمان كاتدا گەرەكە دان بەو راستییەدا بنێین كە ئاوون بۆ دەروونی حەسرەتە تاساوەكانی ژییان بێ ئەوان مەحاڵە ، هەموو ئاوازێك .. سیمایەك .. رەنگێك .. سروشتێك .. بێدەنگی ئەو كرچ و كاڵ .. بێ هەناسەی ئەو بێتامە شەكری خەیاڵ .. بێ وزەی ئەو كارێكی تا بڵەی قوورس و گرانە ، منی پیاو بوونی خۆم لە چیدا ببینمەوە كە ژنێك نەبێت حەسرەتەكانم بۆ دامركێنێتەوە ، وەمنی ژنیش زەردەی رووخسار و ئارایشتی سیما و تیشكی نیگام هیچ گۆشەیەك ناپێكێت تا پیاوێك هەستم پێنەكا و بۆم نەخنێتەوە .. ئێدی لی خۆشیدا بست بست باڵا دەكەم یا لەنێو مەرگەساتی ژیاندا رۆبچینە نێو چ كەندەلانێكەوە ئارامی تێدا بێت ئامێزی یەكدی و ئاوێزانی یەكجارەكی نەبێت كە بە دوو جەستە كۆتایی دێت ، سینەی تووكاوی بە دەست و پەنجەی نەرم و نیان دەبێتە لۆكە .. بێ زەردە و ناز لە دڕكی بیابان دەچێت .. تامەزرۆیی لێوەكان بە ماچێكی یەكدی ئارام دەگرێت .. فرمێسكی دیدەكانیش بە زەردەی بەرامبەر تەرە دەبێت و ئاسوودەیی نیشتەجێ دەبێت ، ئەمانە و زۆر شتی دیكە ئەوە دەسەلمێنن كە نێر و مێ بێ یەكدی هەڵناكەن و بێ ئەوانیش



مێژوو ئێستا و ئایندە هیچ بنەمایەكی نابێت و نەبووە ، واتە ئەم دوو رەگەزە پێكەوە دەتوانن ژیان جوانتر بكەن و پێكەوە ئایندە دیاری بكەن، با پێ لەو راستییەش نەنێین كە ئەوانەی ئەم خەونەیان لا بەرجەستە بووە كۆمەڵێك گوڵی هەمەچەشنەن و بەس.. ئەوانی دیكە ئەڵێی نەبایان دیوە و نەبۆران و باكیان نییە چی روودەدات .. ناخۆشیەكەشی لەوەدایە گەمە بە خەونەكانی ئەمانیشەوە دەكەن ، بە هەر حاڵ ئەم دوو رەگەزە پێكەوە دەتوانن هەموو شتێك بكەن و بگۆڕن دەبا هەموو لەم رۆژەدا ساتێك بە چۆكدا بێین بۆ زەردە و نیگا و هەستی بێگەردییان ، بە دیهاتنی ئەم خەونانەیە وامان لێدەكات سبەی كە وەخەبەر هاتین بە ماچی هەردوولا هێز و بازوو و هۆشمان یەك بخەین و رووبەڕووی رۆژێكی نوێ ببینەوە ..



##########

بەختيار عةلي

- **بڵاوکراوەکانی نوسەر**

| | | |
|---|---|---|
| ئەسرینی زام | شیعر | 1995 |
| چاوی چەپی ئیمپراتۆر | سیناریۆ | 1996 |
| پەیڤی ڕەنگاڵەیی نزار قەبانی | وەرگێڕان | 1997 |
| دەمەوێ لە دایک بم | شیعر | 1998 |
| کەرت بوونی ڕۆح | شیعر | 2000 |
| مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خوود | وتار | 2009 |

- **ئامادەکراوەکانی نوسەر**

| | |
|---|---|
| تنۆکێ لە خەونی کەرت | پەخشان |
| لە ئێستادا ئاورێک بۆ رابردوو | رۆژنامەنووسی |
| پەپوولەیین | شیعری منالآن |
| زریانی سامناك | چیرۆك |
| گـــلەیــــی | لیرك |
| فیوداڵیزم لەنێو گەمەی نەتەوایەتیدا | نەتەوەیی |
| سیناریۆی نمایشێکی خەواڵوو | شیعر |
| فەرامۆشبوونی بوون | دەروونی |

کۆمەڵە وتار

یوسف خالد

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خوود

# ثيان

مـــــــرؤظ
بتوانيَــــــت بةسةر
هةستى
ويـلَي و ونــــــبووندا
سةركـــــةويَت ..
كــة ريَـــــطاكان نــــــةما
وا هةست نـــــةكات
ضــيدى ض ريَطايـــةكى دى
نيــــية ! باوةرِ بةوة بهــيَنيَت
هــةر كاتــيَك ونـــبوو
دةتــوانـيَت لـــيَرةوة
لـــة هـــةمان ئــةو جــيَطايـــةوة
كــة تــــيايـــدا وةســـتاوة
دةســـت ثــــيَبكاتـــةوة


www.dengekan.com

ثێزانینم بۆ :

- ضنار مەحموود ، ضالاك لە بوارةكانی ذنان، كە كار ئاسانی بۆ كردم بۆ لە ضاثدانی ئەم كتێبة ..
- كەمال كاكی ، كە هەستا بە وةرطێرِانی سەردێري ثەرتوكەكە بۆ سەر زمانی ئینطلیزی ..

یوسف خەلیل

**Yousif khalil**

مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خود

کۆمەڵە وتار

یوسف خەلیل

# Woman ..

# And self suppressed desires

ناونیشانی ئەلەکترۆنی
Yousif_kazh@yahoo.com
Rasan_rojnama@yahoo.com